## له ئه نكه‌ره‌وه

- پێشەکی : قادر عزیز سکرتێری گشتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
- ناوی کتێب : لە ئەنکەرەوە
- نووسەر : بەهرۆز گەلاڵی
- تیراژ : 1500 دانە
- چاپی یەکەم : شوباتی 2007
- هەڵەچن : بەهرۆز گەلاڵی
- دیزاین : مەریوان عبداللە جیاوك
- ژمارەی سپاردن : -975-00872
- چاپخانە :

# له ئەنکەرەوە

## بەشی دووەم

**بەهرۆز گەڵاڵی**

شوباتی 2007



بەڕێز قادر عزیز سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

# پێشەکی

ئەم کتێبە تازەیەی کە برای بەڕێزم کاك بەهرۆز گەلاڵی بە چاپی گەیاند، (12) هەمین کتێبیەتی و ئەو (26) گۆشەیە لە خۆ دەگرێت کە نوسەر لە ماوەی (6) مانگدا لە ڕۆژنامەی ((کوردستانی نوێ)) دا لە ژێر ناوی (لە ئەنکەرەوە) بلاوی کردونەتەوە.

بەندە پێشتر گۆشەکانیم خوێندۆتەوە، چونکە ئەو گۆشانە دەروازەیەکی باش بوون کە مرۆڤ لە کوردستاندا زانیاریەکانی دەربارەی هەڵوێستەکانی تورکیا بەرامبەر بۆ دۆزی کورد دەستکەوێ.

کاك بەهرۆز وەك نوسەر و ڕۆژنامە نوس لە ڕێگەی نوسینەکانیدا هەر بە تەنها گۆڕانکاریەکانی تورکیای بە خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسیەکان نەگەیاندوە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا شرۆڤەیەکی وردی ئەم گۆڕانکاریانەشی کردووە و خۆشی بوێرانە هەڵوێست و پێشنیاری لە بەرامبەریاندا دەربڕیوە، ئەمەش بۆ

كەسێكی سیاسی و نوێنەرێكی كورد لە وڵاتێكی گرنگی وەك توركیادا دەستپێشخەریەكی تازەیە و ئەوەندەی من ئاگادارم نوێنەرانی تری كورد لە وڵاتانی دەرەوەدا ئەمەی كاك بەهرۆزیان نەكردوە.

كاك بەهرۆز وەك ئاماژەم پێكرد هەر بە تەنها هەڵوێست و گۆڕانكاریەكانی توركیای بە خەڵكی كوردستان و سەركردایەتی سیاسی كوردستان نەگەیاندوە، بەڵكو خۆشی بوێرانە وەك نوێنەرێكی كورد لەم وڵاتەدا ڕاشكاوانە داكۆكی لە كێشەی ڕەوای گەلەكەی كردووە و وەڵامی زۆر لە پیلان و هەڵوێستی ناحەزانەی توركیا و وابەستەكانی دژ بە كورد و كێشە ڕەواكەی داوەتەوە. دوا هەڵوێستی كاك بەهرۆزیش ئەو نامەیە بوو كە لەم ڕۆژانەدا ئاڕاستەی كۆنفرانسی (كەركوك 2007)ی كردبوو كەئەو هەڵوێستەش لە ڕاگەیاندنەكاندا بە فراوانی بڵاوكرایەوە . كاك بەهرۆز لەو نامەییدا كە بۆ كۆنفرانسەكەی ناردوە زۆر بوێرانە داكۆكی لە كوردستانیبونی كەركوك دەكات و دەستێوەردانی توركیاش لە كاروباری نێوخۆی كوردستان ڕەت دەكاتەوە، بۆیە من هەمیشە ئەو هەڵوێستانەی كاك بەهرۆزم بەرز نرخاندوە و ئەوەندەی بۆشم كرابێت پشتیوانی و داكۆكیم لێكردوە.

لە كۆتایدا دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە كاك بەهرۆز دەكەم كە كارێكی باشی كردوە ئەو گۆشانەی لە دووتۆیی ئەم كتێبەدا

كۆكردۆتەوە، چونكە نوسین زیاتر لە كتێبەكاندا دەپارێزرێن و بۆ دوا ڕۆژ وەك سەرچاوە سودیان لێوەر دەگیرێت، لەوەی لە ڕۆژنامەكاندا كە وەك كتێب ناكەونە مەكتەبەكان وهەر زوو لە گۆڕێ هەڵدەگیرێن. نموونەی كاك بەهرۆز زۆر بێت و خوا هەربیهێڵێت بۆ خزمەتی كورد و كوردستان .

**2007/1/28**

**سلێمانی**

**قادر عزیز**

**سكرتێری حزبی زەحمەتكێشانی كوردستان**

1

**لەڕۆژانی ڕابردوو، داوەتییەکمان بۆ کاك ئازاد جوندیانی لێپرسراوی ڕاگەیاندنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕێکخست، بەمەبەستی بەشداریکردن لەو کۆنفراسەگرنگەی کە دوێنێ لە ئیستانبول لەسەر کێشەی سیاسی کوردی تورکیا دەستی پێکردکە ئەمڕۆش تا ئێوارە درێژەی هەیە. لە پەراوێزی ئەوسەردانەدا لەگەڵ کاك ئازاد لەسەر ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و نوسینی وتار گفتوگۆی زۆرمانکرد. دیاربوو نوسینەکانی ئێمەی پێباش بوو کەلە کوردستانی نوێ بەبەردەوامی بلآویان دەکەینەوە. بۆیە وای بەچاکزانی لێرە بەدواوە دەشێ گۆشەیەکی هەفتانەی تایبەتی خۆمان هەبێت. بۆ ئەو مەبەستەش وتی هەر ئەمڕۆ لەگەڵ کاك کاوەی سەرنوسەر قسە دەکەین و گۆشەکە ڕێك دەخەین و خۆشتان ناوێکی بۆ دابنێن. بەندەش یەکسەر ووتم باناوی گۆشەکەم (لە ئەنکەرەوە) بێت و خۆشحالی خۆشم بۆئەوپێشنیارەی کاك ئازاد دەربڕی. زۆری پێنەچوو کاك کاوە قسەی لەگەڵ کردم و بڕیاریاندا لەداهاتودا بەبەردەوامی نوسینی بەپێز بنێرم بۆ گۆشەکەمان. لێرەدا سوپاسێکی بێپایانی کاك ئازاد، کاك کاوە و تەواوی هەڤاڵانی**

كوردستانى نوێى ئازيز دەكەم بۆ ئەو پشتيوانى و هاوكاريكردنەيان. هيوادارم بتوانين لە خزمەتكردنى ڕۆژنامەوانى كوردى كەلێنێكى بچووك پربكەينەوە. لەوبارەيەوەش بڕيارمدا يەكەم نوسينى گۆشەكەم لەسەر بەستنى ئەو كۆنفراسەى ئيستانبول دەستپێبكەم. ديارە لەماوەكانى ڕابردوو زۆرمان نوسى لەسەر ئەو گۆڕانانە سياسيانەى كە لە توركيا ڕوودەدەن. ئەو كۆنفراسەى ئێستاى ئيستانبوليش هەنگاوێكى گەلێك پربايەخە لە قۆناغى ئەمڕۆداو هەر لە چوار چێوەى ئەو گۆڕانە تازانەشدايە. چونكە ئەوانەى سەرپەرستى ئەو كۆنفراسە دەكەن و ڕێكيان خستوە زۆربەيان ئەو ڕوناكبيرو نوسەرە گەورانەى توركەكانن كە لەگەڵ ئەردۆغان لەڕۆژى 2006/8/10دا كۆبونەوەو لەسەر مەسەلەى كورد گفتوگۆيان لەگەڵيدا كرد. هەرلە ئەنجامى ئەوەشبوو ئەردۆغان لەڕۆژى 2005/8/12 وتارە مێژووييەكەى خۆى لەديباربەكر ڕاگەياندو وتى:(كێشەى كورد لە توركيا هەيەو كێشەى كورد بە تەنها كێشەى كورد نيە. بەڵكو كێشەى كورد كێشەى منە). ئەنجامدانى ئەوكۆنفراسەى ئێستاش درێژە پێدەرى ئەو سياسەتەيە كە ئەردۆغان پەيڕەوى لێدەكات. ديارە زۆرجار لە ئيستانبول كۆنفراس و كۆبونەوەى لەوبابەتە ئەنجامدراوە. بەڵام هيچيان بەقەد ئەو كۆنفراسەى ئێستا گرنگ نەبوون، چونكە: يەكەم ئەمجارە خەڵكێكى خوێندەوارو ڕۆشنبيرى تورك لەگەڵ هەندێ ڕۆشنبيرى كورد

بەیەکەوە ڕێکیان خستووە. دووەم حکومەتیش لەڕێکخستن و ئەنجامدانی ئەوکۆنفراسە هاوکارو پشتیوانیانە. سێهەم ناوی کۆنفراسەکەش بەتەنها (کێشەی کورد لە تورکیا)! ئەوە خۆی لەخۆیدا گۆڕانێکی تازەو ونەقلێکی نەوعی سیاسی نوێیە. چوارەم ڕستەی (گەڕان بەدوای دۆزینەوەی چارەسەرییەکی مەدەنیانەی دیموکراسیانە). ئەمەشیان دان پیانانەکەکێشەیەکی سیاسی هەیە ودەبێ بەدوای چارەسەربۆی بگەڕێن. واتە نیشانەی دەستپێکردنی مەرحەلەیەکی تازەیە لە بیرو بۆچون و لێکدانەوەی برا تورکەکانمان لە بەرانبەر کێشەی کورد لەتورکیا. پێنجەم لەڕووی ڕاگەیاندنەوەش زۆربەی ئەوانەی کە ڕێکیان خستووە یا کە بەشدارن تیایدا، بریتن لەڕۆژنامەنوسی گەورەو کەسایەتی سیاسی ورۆشنبیری ناسراوو خەڵکی دیاروجێگای بایەخە. کەچی بەداخەوە وەڵامی ئەو ئیرادەخێرە ڕۆژی پێنجشەمەی ڕابردوو بەئەنجامدانی تەقینەوەیەك لە شاری وان لە لایەن نەیارانی ئاشتی درایەوە. ئیتر بە هیوای ئەوەی کە هەولی خێرخوازان سەربگرێت. ئەو سیاسەتە نوێیەش هەمیشەبەردەوام بێت و هێمنی و ئارامی باڵی خۆی بەسەر توندو تیژیدابکێشێت و زمانی گفتوگۆش جێگای چەك وپێکدادان بگرێتەوەو بەستنی چەندین کۆنفراسی تری بەدوادابێت و ببێتەمایەی زیاتر لەیەك نزیکبوونەوەی بیرو بۆچونە سیاسییەکان لەیەکتری وهێنانەکایەوەی ئاشتی و برایەتی.

* لە کوردستانی نوێ ژمارە 3918 لاپەڕە 7 ڕۆژی 2006/3/12 بڵاوکراوەتەوە.

2

**نەورۆز و تیرۆر لە هەموو ڕوویێکەوە، دوو ووشەی زۆر لە یەکتر جیاوازو پێچەوانەی یەکترن. نەورۆز جەژنی نەتەوایەتی کورد. نیشانەی ئازادی و سەربەستی وئاشتی. یادی ڕەواندنەوەی زوڵم وزۆرداری. بوژاندنەوەی گوڵ و گیاو تەقینەوەی کانیاوەکانی کوردستان و سەرەتای دەستپێکردنی بەهارو ساڵی نوێی کوردی. بەهاتنی نەورۆز هەموو ساڵێك شادییەکی زۆر دەکەوێتە ناو دڵ و دەروونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. بە پێچەوانەوە تیرۆرو تۆقاندن وبەکارهێنانی زەبرو زەنگ مایەیی دڵ تەنگی ونارەزابوونی کۆمەڵانی خەڵك و بە فیرۆچوونی خەڵکی بێ تاوان و منداڵ و پیرو گەورە و کارەساتی ناخۆش دەگەیەنێ. لە مێژووشدا هیچ گەلێکی ژێردەست نەیتوانیوە بەترساندن و تۆقاندن بگاتە ئاوات و ئامانجە سیاسییەکانی خۆی! جگە لەناو بەدبوون و قێزەوونی لە بەرانبەر کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی زیاتر هیچی تری بۆ نەماوەتەوە. مێژوو گەواهی ئەوەشەکە گەلی کورد هەرگیز پەنای نەبردۆتە**

بەرئەنجامدانی کاری توندوتیژی. ئەگەر ئاوڕێکیش لە مێژووی خەباتی کوردستانی عێراق بدەینەوە، دەبیین لە سەروبەندی داگیرکردنی کوێتەوە تاکو ئێستا جگە لە شەڕی ناوخۆ، سەرکردایەتی کورد زۆر بەووردی دەسنیشانی هەموو گۆڕان و پێشهاتەکانی تری لە ناوچەکەدا کردووەو لە شێکردنەوەی زۆربەی ئەگەرەکانیش بۆچوونەکانی ڕاست دەرچووە! هەرسەرکردایەتییەکیش لێکدانەوەی دروست و خوێندنەوەی تەواوی بۆ ڕووداوەسیاسییەکان هەبێت. ئەوا بڕیارە سیاسییەکانیشی ڕاست دەر دەچێت. گەلەکەشی بەرەو سەرکەووتن دەبات. بەڵام ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی بەرچاوی ڕوون نەبوو! ئەوا توشی هەڵەی سیاسی دەبێت. کێشە سیاسییەکەشی بەرەو هەلدێر دەبات! ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر گۆڕان لە ئارادایە. لە عێراقدا گەلانی عێراق سەرقاڵی دروستکردنی عێراقێکی نوێن. لە فەلەستین ڕێکخراوی فەتحی عەرەفات هەڵبژاردنی دۆڕاند! حەماسی ئیسلامی لێی بردەوە. لە تورکیا پرۆسەی گەشەپێدانی دیموکراسی لەبرەودایە. ئەو ووشەیەی کەلە چوار پیتی (ك،و،ر،د) پێکهاتووە، کاتی خۆی خەڵك لەسەری زیندانی دەکراو ناوهێنانی ئاسان نەبوو! کەچی ئێستا کێشەی سیاسی کورد لە تورکیا کۆڕو کۆنفراس وسمیناری لەسەر دەبەسترێت. تەنانەت بیر لەوەش کراوەتەوە دوایی پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراق و پەسەندکردنی دەستوری نوێی لەلایەن

پەرلەمانی عێراقەوە، تورکیا بەرەسمی دان بنێت بەدەستوری تازەی عێراق. ئەوەش مانای داننانە بە هەرێمی فیدرالی کوردستانی عێراق لە چوار چێوەی عێراقێکی فیدرال ودیموکرات و یەکگرتوودا. هەنگاوی تریش بەرێوەیە. لەوانە کردنەوەی ڕادیۆو تەلەفیزۆن بەزمانی کوردی. لەو نزیکانەش پەخشی خۆی دەستپێدەکات. ئەوانە هەمووینیشانەن کە دونیا گۆڕاوە. هەر لایەنەێکیش گۆڕان لەهزو چۆنییەتی لێکدانەوەی ڕوونەدات و خۆی تەنها ببەستێتەوە بەبیری نەتەوە پەرستی توندو ڕادیکال ونەبینی بۆ واقیع، کارەساتە... بۆیە پشتیوانیکردنی جدی لەو پرۆسەیە ئەوەیە کە وازبهێنرێت لە هەموو جۆرە کارێکی توندوتیژی و نەورۆزیش بە خۆشی و ئاشتی تێپەربێت. پێچەوانەی ئەوە بەکارهێنانی زەبرو زەنگ! کوشتنی پرۆسەی دیموکراسی وپێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەگەیەنێت، کۆسپێکی گەورەش دەخاتە بەردەم پرۆسە دیموکراسییەکە. هەقە واقیعبینانە بیر بکرێتەوە.

* لە کوردستانی نویٚ ژمارە 3924 لاپەرە 7 ڕۆژی 2006/3/19 بلاٚوکراوەتەوە.

3

**لەگەل دیپلۆماتیٚکی ئاشنام لەسەر وەزعی عیٚراق بەیەکەوە لەمرۆژانە گفتوگۆمان دەکرد، ووتم کاتی خوٚی دوای ڕوخانی دەولٚەتی عوسمانی، ڕوٚژهەلاتی ناوەڕاستتان بەشیٚوەیەکی زوٚر نا عەدالەت دابەشکردو هەندیٚ میللەتتان کردە خاوەنی ولاٚت و سەروەری، هەندیٚکیشتان بەتەواوی بیٚ بەش کرد. کوردیش بەر بیٚبەشەکە کەوت. وتی ووریا نەبن ڕەنگە توشی کیٚشەی تریش ببنەوە. مەبەستی کیٚشەی ئاوبوو. لە سالٚی(1970)وە پڕوٚژەی بەنداوی (ئیلی سو) نەخشەی دروستکردنی بوٚکیٚشراوە، ئامانج لە دروست کردنی لەلایەن حکومەت بەڕەسمی دەیانەویٚت بەوپڕوٚژەیە ڕووبەریٚکی زەوی وزاری بەرفراوان لەڕووی کشتوکالٚییەوە لەناوچەکەدا ئاو بدەن ووەکوسەرچاوەیەکیش بوٚ ووزەوهیٚزی کارەبا سوودی لیٚ وەربگرن. لەوکاتەوە ئەو پڕوٚژەیە موعەلەق**

**ماوەتەوە. هەموو حکومەتەیەك لەدوای یەکەکانیش تا ئێستا نەیانتوانیوە سەرچاوەی دارایی بۆدابین بکەن. داوایان لەبانقی نێو دەوڵەتی کردوە بۆقەرز، ڕەتکراوەتەوە. بڕێکی زۆریش پارەی دەوێت خۆی لە(32) ملیار دۆلار دەدات. ئەوادوو ساڵیشە حکومەتی تازە، بیرۆکەی دەست پێکردنی ئەو پڕۆژەیەی ژیاندۆتەوەو هەوڵدەدات پارەی بۆ پەیدا بکات و لەڕێگای کۆمپیانیا بێگانەکان و کۆمپانیایەکی گەورەی تورکی دەست بەدروستکردنی بکەن. ئەو سەدەیە دروست بکرێت، ئاوی عێراق و سوریا کەمدەبێتەوە، ڕەنگە ئاو بێتە چەکێك بەرانبەری نەوت و ببێتە مایەی دروستکردنی کێشەیەکی سیاسی ئاڵۆز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتیش لە نێوان سوریاو عێراق و تورکیا. ئەو پڕۆژەیە لەسەر ڕووباری دیجلە دروستدەکرێت و(52) پەنجاودوو گوندو (14) چواردە قەزای دەکەوێتە ژێرەوە کەزۆربەی دانیشتوانەکەشیان کوردن لەوانەش گوندی (حەسەن کێف) کە شوێنەوارێکی ئەسەری یەکجار گرنگ و مێژووییە. ڕووبەر وپانتایی ئەوشوێنانەی دەکەونە ژێر ئاو سێ سەد (300) کیلۆمەتر دوجا دەبێت. لەوڕووبەرەدا (6000) شەش هەزار هێکتاریشی زەوی وزاری کشتوکاڵییە کە ئەویش بەرئاو دەکەوێت. کێ لەپشتی بیرۆکەی دروستکردنی ئەو پڕۆژەیەیە! دیسان کۆمەڵە کۆمپانیایەکی ڕۆژئاوایی بەهێزکە دەیانەوێت لەبانکی نێو دەوڵەتی قەرز وەربگرن وخۆشیان پڕۆژەکە**

ئەنجامبدەن. سەرۆکی پڕۆژەکەش دووکۆمپانیای هاوبەشی (سوویسری و سوویدی)ن بەناوی SULZERHYDRO کە کۆمپانیایەکی زۆرگەورەیە وچەند کۆمپانیایەکی تری وڵاتانی ئەورووپاش لەو پڕۆژەیەدا هاوبەشبوون. کۆمپانیایەکی ئینگلیزی بەناوی BALFOUR BEATY، کۆمپانیایەکی سوویدی بەناوی SKANSKA، کۆمپانیایەکی ئیتالی بەناوی IMPREGILO. بەڵام لەبەرئەوەی فشارێکی زۆرگەورەیان لەلایەن (ڕێکخراوی ژینگە)ی ئەورووپاییەوە لەسەرەو بەتوندی ئەو ڕێکخراوە لەدژی ئەنجامدانی ئەو پڕۆژەیە وەستاوە. بۆیە هەردوو کۆمپانیای سوویدی و ئینگلیزییەکە لە پڕۆژەکە دەرچوون وهاتنە دەرەوە. ئێستا ماوەتەوە هەر یەکەلە کۆمپانیا یەکی (سویسر ی، نەمساوی، ئەڵمانی) کە بەیەکەوە کار بۆ ئەوە دەکەن پارەی بۆ پەیدا بکەن ودروستی بکەن. دیارە حکومەتەکانی (نەمساو سویسراو ئەلمانیا)ش پێیان خۆشە ئەو کۆمپانیایانەی کە سەربەوڵاتەکانیانن پڕۆژەکە دروستبکەن. بەلای ئەوانەوە پەیداکردنی فرسەتی کارو کەمکردنەوەی بێکاری و بوژاندنەوەی ئابوری ووڵاتەکانیان زۆر گرنگترە لەوشوێنانەی دەکەونە ژێر ئاوەوە. نەمساوییەکان بۆ ئەوەی پڕۆژەکەیان لەدەست نەچێت، پێشنیاریان کردووە، پێش دەستپێکردنی ئەو بەنداوە، پێویستە خانووبەرە لەشوێنێکی تر بۆ ئەوخێزان و کەسانە دروست بکرێتەوە کە ماڵ ومولْك وزەوییەکانیان دەکەوێتە ژێر ئاو. بەڵام

**ئەمەش پارەیەکی زۆری دەوێت. دیاریش نییەکێ ئەو پارەیە دەدات! شارەزایان دەڵێن ئەگەر مەبەست کۆکردنەوەی ئاوە! دەکرێ ئەو بەنداوە ئەوەندە بەرز دروست نەکرێت تا ڕووبەرێکی کەمتر بگرێتە خۆ. بەڵام چی لەخەیال و هزری بیرۆکەی دروستکردنی ئەو پڕۆژەیە کۆبۆتەوە من نایزانم! تۆدەیزانی؟**

* لە کوردستانی نوێ ژمارە 3927 لاپەڕە 7 ڕۆژی 2006/3/26 بڵاوکراوەتەوە.

## 4

**لەوەتەی کورد هەیە ڕەقیبەکانی هەمیشە بەوە تاوانباریان کردووە کە میللەتێکی جوداخوازەو دەیەوێ عێراق بەرەو پارچە پارچەکردن ببات و دابەشی بکات. ئەوجۆرە بۆچونانەش بەتایبەتی و بەزۆری لەلایەن شۆڤینیستەکانەوە خراونەتە پاڵ کورد. ئێستاشی لەگەڵدابێت لێرەو لەوێ جاروبار ئەولێکدانەوەیان دوبارە دەکەنەوە. بەڵام لەبنەڕەتدا مەبەستیان ئەوەنییە کەکورد بەڕاستی میللەتێکی جوداخوازە! بەڵکو ئەوان بڕوایان بە مەسەلەی سیاسی کوردو کێشە ڕەواکەی نەبوە. لەبەرانبەریشدا سەرکردایەتی کورد بەبەردەوامی ئەو جۆرە تۆمەتانەی ڕەتکردۆتەوە. دوای ڕوخاندنی ڕژێمیش بەکردەوە ئەوەی سەلماند کە لە هەموو نەتەوەو مەزهەب و لایەنەسیاسییەکانی تری عێراق زیاتر پابەندبوەبە پاراستنی یەکێتی**

خاکی عێراق. خۆشی لە هەموو لایەنەکانی تر زیاتر، بە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلانی عێراق بەستۆتەوە. بەپێچەوانەوەکوردنییە جواداخوازە. بەڵکو شیعەو سونەن وا ئێستا لە نێوان خۆیاندا ڕێك ناکەون و خەریکن عێراق بەرەو هەڵوەشان و لێکترازان دەبەن. باشترین نمونەش دروستبونی ئەو وەزعە ئالۆزەی ئێستای عێراقە کە ئەوە بۆ چوار مانگ دەچێ هەڵبژاردنی سەرتاسەری ئەنجامدراوە. کەچی تا ئەمڕۆش سونەو شیعەی عەرەب نەیانتوانییوە بگەنە ئەنجامێکی ئەوتۆ کەبتوانن بەیەکەوە دابنیشن و کێشەو گیروگرفتە سیاسییەکانی نێوان خۆیان لەکەشو هەوایەکی برایانەو بەرێگایەکی دیموکراسیانە چارەسەر بکەن. بگرە ئەو کوردەی کەتادوێنێ ئەوان بە جوداخواز لە قەلەیان دەدا، ئەمڕۆ ناوبژیوانە لە نێوان هەردوو تەرەفی عەرەبی سونەوعەرەبی شیعە. ئەوەش باشترین نیشانە وبەڵگەیەکە کورد لە عێراقدا ڕۆڵی تەبایی و بەهێزکردنی پەیوەندی برایەتی نێوان هەموو مەزهەب و پێکهاتەکانی عێراق دەبینێ وبگرە شیعەو سونەن لەڕووی سیاسییەوە عێراقیان دابەشکردووە و ئێستاش دەیانەوێ لەڕووی جوگرافیشەوە بەرەو پارچە پارچەکردنی ببەن و بەتەواوی دابەشی بکەن. دیارە لەهاتنە پێشەوەی بارو دۆخێکی ئاوەهاشدا، کوردیش ناتوانێ تاسەر چاوەڕێی ئەوەبکات، کەی سونەو شیعەی عەرەب دەگەنە یەك و کێشەکانیان یەکلایدەکەنەوە! بەپێی ئەو لێکدانەوەو هەنگاوانەش بێ کە ئەمڕۆ لەلایەن هەر

دووتایەفەی سونەو شیعەی عەرەبەوەبۆ پێشەوە دەنرێ ئەوە دەگەیەنێ، کە بەڕاستی ئەوانن عێراق بەکردەوە بەرەو لێکترازان و دابەشبون و هەڵوەشانەوە دەبەن و ئەگەری دابەشبوونی عێراق ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبێ و کوردیش هیچ لێی بەرپرسیار نییە. بەڵکو شیعە و سونەی عەرەب لێپرسراوییەتی ئەو وەزعەی کە ئێستا لە عێراق دروستبوە هەڵدەگرن. ئەوشێوە سیاسەتەی ئەوانیش کە ئەمرۆپەیرەوی لێدەکەن و بەڕێوەی دەبەن زیاتروەزعەکە بەرەو ئالۆزتردەبات و پاڵ بەکوردیشەوە دەنێ کە بیر لەوەزعی سیاسی خۆی بکاتەوە، بەرە و ئازادی و سەروەری سیاسی خۆی هەنگاو بنێ. کوردیش مافی ڕەوای خۆیەتی لەو حالەتەدا داوای دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆی خۆی لە کوردستانی عێراقدا بکات. تادێتیش ئەو بیرۆکەیە زیاتر دەبێتە بابەتی قسەکردن لەزۆر شوێن و جێگادا و شتێکی چاوەڕوانکراویشە... بەڕای بەندە پێویستە کورد لەگەڵ هەرسێ نەتەوەی عەرەب و تورك و فارس، دەستبکات بە دەست پێ کردنی حیوارو دیالۆگێکی لەسەرخۆ و هێمنانەی سەردەم! لە ناوچەکەدا عەرەب و تورك و فارس سێ دەوڵەتیان لەسەر بنچینەی نەتەوەیی دروست کردووە. جولەکەکانیش دەوڵەتی خۆیان دروست کردووە. دروستبونی دەوڵەتی فەلەستینییەکانیش خۆشبەختانە بەڕێوەیە. تەنها کوردە تاکو ئێستا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی لە ناوچەکەدا نییە. شیعەو سونە

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ عێراق زیاتربەرەو لێکترازان و دابەشبون دەبەن. کاتێ ئەوەش هاتووە کورد لە کوردستانی عێراق لەناو خوێندەواران و ڕۆشنبیران ئەو بۆچونە بورووژێنی، لەسەر ئەوبابەتە دەستبکات بە ئەنجامدانی دیالۆگێکی هێمنانەو بە هێواشی دەردەشەی ئەوبابەتە بکات. بەقسەکردنیش لە سەر ئەو بابەتە کۆتایی دونیا نایەت!

* لە کوردستانی نوێ ژمارە 3933 لاپەڕە 7 ڕۆژی 2006/4/2 بلاوکراوەتەوە.

5

لە هەفتەی ڕابردوودا دەورەی چوارەمی کادرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەئەنکەرە کۆتایی پێهات کە (77) حەفتاو حەوت کادر تا ئێستا توانیویانە سود لەم دەورانە وەربگرن کەلەلایەن وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بۆمان ڕێکخراوە. لە یەکێ لە موحازەرەکاندا، سیاسەتمەدارێکی ناسراوی تورکیا لەقسەکانیدا بابەتێکی زۆر گرنگی وروژاندو سەرنجی هەموومانی بۆ ئەو باسە ڕاکێشا، کەدەشێ بەڕاستی گەلی عێراق لە ئاستیدا هەڵوەستەیەك بکات! جێگای ئەوەشە بەتایبەتی خەڵکی کوردستان بایەخی زۆری پێبدات وبەووردی لێی بکۆڵێتەوە و لێشی ئاگاداربێ. دوایی

ڕوخاندنی ڕژێم کۆمەڵێك کۆمپانیای تورکی هەڵسان بەکرینی ئاسنی کۆنەو هەموو جۆرە سکرابێك لـە هەندێ لـە بازرگانەکانی عێراقی، بەتایبەتیش لەناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق. لەو بارەوەش بڕێکی یەکجار زۆر ئاسنی کۆنەوسکرابی هەمە جۆرەیان لە عێراق بۆ تورکیا هێنا. دوای پشکنینی ئەو ئاسنە کۆن وسکرابانە لەتاقیگەی تایبەتیدا دەرکەوتوە کە ئەوئاسنە کۆنانە بارگاوین بە تیشکی ئەتۆمی بەپێوانەی (1000)یەك هەزار کەڕەت زیاتر لەو پێوانەنێو دەوڵەتییەی کەلە هەروڵاتێکدا هەیە. ئەمەش کاریگەرییەکی ترسناکی دەبێ، نەوەکو هەر لەسەر باری تەندروستی هاوڵاتیانی عێراق. بەڵکو کاریگەرییەکەی بۆ نەوەی داهاتووش هەر دەمێنێ ومەترسییەکانی لەسەر ژیان و باری تەندروستی دانیشتوانی عێراق چەندین هەزار ساڵ بەردەوام دەبێ. هۆکاری هەبونی ئەو تیشکە ئەتۆمییەیەشی گێڕایەوە بۆ ئەو هەموو شەڕەیەك بەدوای یەکانەی کە لە عێراقدا ڕویانداوەو جۆرەها چەکی قورسیان تێدا بەکارهاتووە. لەبەر ئەوە تورکیا لەبەرواری 2005/6/1 وە ڕاستەو خۆ کرینی ئاسنی کۆنەو سکرابی لە عێراق ڕاگرت و قەدەغەشی کرد. لەو کاتەوە ماوە نادات بەهیچ شێوەیەك ئاسنی کۆن لەعێراقەوە بۆ ناو تورکیا بێت، لەژێر هەرناوێك و مەرجێکیشدابێ. ئەو سیاسەتەدارە لەڕوانگەی هاوکاری و پشتیوانیکردن لە گەڵی عێراق جەختی زۆری لەسەرئەوە کردەوە کە گەڵی عێراق دەبێ لەو بابەتە ترسناکە

ئاگاداربێت و لێکۆڵینەوەی زانستیش لەوبارەیەوە ئەنجام بدات. چونکە ئەمە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە بارو دۆخی تەندروستی وسەلامەتی ژیان وگوزەرانی هەموو دانیشتوانی عێراق. بە دڵنیایشەوە لە ئەنجامی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، ئەوکێشەیە ڕەنگە لە هەموو شوێنەکانی تریش هەبێ کەچەکی کیمیایی و قورسی تێدا بەکارهاتووە بەتایبەتیش لە هەڵەبجەدا کە لەوانەیە ببێتە هۆکاری بڵاو بونەوەی جۆرەها نەخۆشی لەدوارۆژدا. بەڕای بەندە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، لەوبارەیەوە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر بدات بۆ بەدواداچونی ئەو مەترسییە گەورەیەو لێکۆلینەوە دەربارەی ئەو تیشکە ئەتۆمییەی کەباسی لێ دەکرێ. هەقە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگای شارەزایان و پسپۆران لەو بابەتە بکۆڵێتەوە و چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی گەلەکەمان لەمەترسی کارەساتی گەورە، لەدوارۆژدا دووربخاتەوە. بەپێی لێدوانی ئەو لێپرسراوەی تورکیا لەوبارەیەوە، تورکیاش ئامادەیە هاوکاری تەواوی گەلی عێراق بکات بۆ بەدواداچونی ئەو مەترسییە گەورەیە، هەروەکو لەقسەکانیدا ئاماژەی پێکرد...

* كوردستانی نویٚ ژماره 3939 لاپەره 7 ڕۆژی 2006/4/9 بڵاوكراوەتەوه.

6

**لەدوای ڕاپەرینەوه تا ئەمڕۆ زۆربەی هەره زۆری حزبە سیاسییەكانی كوردستان چ ئەوانەی لەهەڵبژاردنەكان سەركەوتنیان بەدەستهێناوه یان ئەوانەش كە دەنگیان نەهێناوه، مانگانە میزانییەیەكیان لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوه بۆ تەرخان كراوه. ئەمەش لەچوارچێوەی یاسایەكدا نەبوه. كەچی لەزۆربەی وڵاتانی تردا ئەم مەسەلەیە بە یاسا لەلایەن پەرلەمانەوه ڕێكخراوەو حكومەتیش بەپێی ئەو مەرجانەی كەلەپەرلەمان بۆیدانراوه ساڵێنە لەكاتی دانانی میزانیەی خۆیدائەو برەپارەیە بۆ ئەو حزبانەی كە لە**

**هەڵبژاردنەکاندا ڕێژەی پێویستیان بەدەستهێناوە تەرخان دەکات. ئەمەش بەیاسا ڕێکخراوە و بەکۆمەڵێك مەرجیشەوە بەندکراوە. تورکیا زیاتر لە(48) چل و هەشت حزبی سیاسی تێدایە. هەموو جارێ بیست و هەشت یا بیست و نۆ حزبی سیاسیش بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکەن. مەرجی بەشداربونیش لەهەڵبژاردنەکاندا دەبێ هەموو حزبێك لەسنوری (33 تا 36) پارێزگا ڕێکخستنی حزبی خۆی هەبێ لە کۆی ئەو(81) هەشتاو یەك پارێزگایەی کەلەتورکیادا هەیە. ئینجا دەتوانن بەشداری لەهەڵبژاردنەکان بکەن و ڕێژەی لەسەدا دەش 10٪ دەبێ لە هەڵبژاردنەکەدا بەدەستبهێنن تا بچنە ناو پەڕلەمانەوە. بۆ مەسەلەی وەرگرتنی میزانییەی حزبە سیاسیەکانیش پەڕلەمان کۆمەڵێك مەرجی داناوە و یاسابەندیی تەواوی کردووە. ئەو حزبانەی کە لەهەڵبژاردن سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە ئەوبڕە پارەیەی کەبۆیان تەرخان کراوە وەردەگرن. ئەوانەی کە لەهەڵبژاردنیش دەنگیان نەهێناوە بەپێی یاسا شمولی ئەوپارەیەناکەن. پەڕلەمان دووڕێگای داناوە بۆ وەرگرتنی میزانییەی ئەو حزبانەی کە لە هەڵبژاردن سەرکەوتن بەدەستدەهێنن. ڕێگای یەکەم هەرحزبێك لە هەڵبژاردنەکەداتوانی زیاتر لە سەدا حەوتی 7٪ی دەنگەکان بۆ خۆی تۆمار بکات، ئەوا میزانییەی ساڵانەی خۆی لە حکومەت وەردەگرێ. ڕێگای دووەم هەرحزبێك توانی لە کۆی (450) ئەندامی پەڕلەمانی تورکیا (20) بیست ئەندام**

پەرلـەمان بەدەستبهێنێ، ئەوا ئەویش ساڵێنە میزانییەی خۆی لـە حکومەت وەردەگرێ. میزانییەکەش ساڵێنەیەو مانگانە نییە. بەڵام ئەگەر حزبێك لـە هەڵبژاردنەکەدا تەنها (19) ئەندام پەرلـەمانی هێنا. ئەوابەپێی یاسا ئەو حزبە هیچ میزانییەیەکی لـە حکومەت نابێ. بۆنمونە پارتی نیشتمانی دایك (ئەناوەتەن پارتیسی) لـە هەڵبژاردنی پێشودارێژەی لـەسەدا حەوت 7٪ کەی کەمترهێنا. بۆیە حکومەت بەپێی یاسا میزانییەی بۆ تەرخان نەکرد. لـەدوایدا لـەئەنجامی سەنگەر گۆڕین ژمارەی ئەندامانی گەیشتە (19) ئەندام پەرلـەمان. دیسان حکومەت بەپێی یاسا میزانییەی پێ نەدا. چونکە ژمارەکەی نەگەیشتبوە (20) بیست ئەندام پەرلـەمان. پاش ماوەیەك دووئەندام پەرلـەمانی پارتی عەدالـەت و تەنمیە سەنگەری خۆیان بۆ ناو پارتی نیشتمانی دایك گوازتەوە، بەمە ژمارەکەیان گەیشتە (21)بیست و یەك ئەندام پەرلـەمان. ئێستا بەپێی یاسا میزانییەی خۆی ساڵێنە لـەحکومەت وەردەگرێ. هەلبەتە زۆری و کەمی بڕی ئەو پارەیەش بەپێی ژمارەی ئەندامانی پەرلـەمان و ڕێژەی ئەو دەنگانەی کە هەر حزبێك لـەهەڵبژاردندا دەیهێنێ، دەگۆڕێ و زیادوکەم دەکات. چەند ژمارەی ئەندامانی پەرلـەمان زیاتر بێ، ئەوەندەش میزانییەکەیان زیاتر دەبێ بەپێی ڕێژەی دەنگەکانیانە. ئەو لایەنانەی بڕیاریش دەدەن لـە سەر دیاریکردنی بڕی ئەو پارەیەیی کە هەر حزبێك وەریدەگرێ. بریتییە لـە دادگای دارایی باڵا و کۆمیتەی باڵای هەڵبژاردن و

**خەزێنەی دەوڵەت. ئەو سێ لایەنە بەیەکەوە بەپێی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی حزبەکان و ڕێژەی سەدی دەنگەکانیان بڕی ئەو پارەیە دیاریدەکەن. لەهەڵبژاردنی ئەودواییەی تورکیادا حزبی گەنجەکان لە سەروی 7٪ سەدا حەوتی هێنا. هەرچەندە ڕێژەی لە سەدا دە 10٪ کەشی تێنەپەڕاند. بەڵام بەپێی یاسا ئێستا میزانیەی ساڵێنەی خۆی لە حکومەت وەردەگرێ و یەك ئەندام پەرلەمانیشی نییە. بەو هیوایەی پەرلەمانی کوردستانیش بیر لەیاسایەکی لەم شێوەیە بکاتەوە!**

* لە کوردستانی نوێ ژمارە 3944 لاپەرە 7 ڕۆژی 2006/4/16 بلاوکراوەتەوە.

7

**کورد سەلماندی دەتوانێ هۆکارێکی گرنگی هێمنی و ئارامی بێ لە عێراقدا. هەروەها ئیدارەو حوکمرانی ناوچەکەی خۆشی بەباشی بەرێوە ببات لەگەڵ ئەوەش کە کێشەو گیروگرفتێکی سیاسی زۆری بۆ دروستکرا. بەڵام بە پشتیوانی وئیرادەی بەرزی میللەتەکەمان وکۆشش و حیکمەتی سەرکردەکانمان، توانرا سەرکەوین بەسەر زۆربەی کێشە سیاسییەکان و سەرخستنی ئەو پرۆسە دیموکراسییەیەی ئەمڕۆی کوردستانی عێراق. توانای کورد بۆ**

حوکمرانیکردنی ناوچەکەی خۆی لەچەند ساڵی ڕابردوو. بەتایبەتیش دوای چەسپاندنی فیدرالی کوردستان وبڕیار لێدانی لەدەستوری تازەی عێراق لەگەڵ هاتنە پێشەوەی گۆڕانکارییەکانی دونیای تازە،ئەوەمان پێ دەڵێ کە وەزعی سیاسی کوردستانی عێراق ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بەرەو کیانێکی سەربەخۆ هەنگاو دەنێت. لە هەمووشی خۆشتر و گرنگتر ئەوەیە بیانەوێ و نەیانەوێ، چیتر ناتوانن کۆسپی گەورە لەبەردەم ئیرادەی گەلی کوردستانی عێراق و ئەو واقیعەی کە ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدا هەیە دروستبکەن! بەڵام ئەوەش بەومانایە نییە کە ئیتر ئێمەی کوردی عێراق فەرامۆشیان بکەین و گوێ نەدەینە هێمنی و ئاسایش و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوانمان و بیر لەدەستێوەردان لەکاروباری دەورو بەرەکانی خۆمان بکەینەوە! پرۆسەی کوردستانی عێراق خۆی سەپاندو سەرکەوت. ئەوەی کە ئێستا زۆر گرنگە میللەتەکەی خۆمان فەرامۆش نەکەین. لەگەڵمان بێ و گوێبگرین لە تەواوی خواست وداخوازییەکانی. جارێکی تر لە کوردستانی عێراق ناتوانرێ کورد بۆ دواوە بگێردرێتەوە و وەکوکێشەیەکی ناوخۆیی سەیری بکرێ. بەڵێ هەڵسوکەتکردن لەڕووی سیاسی بەدروستی، سەنگی مەحەکە بۆ داهاتوو. کورد لەکوردستانی عێراق هەنگاوی گەورەی بڕیوە. بۆتە قەلای هیواو ئاوات بۆ براکانی تریش. دەتوانرێ هێشتا دەسکەوتی زۆر گەورەتریش لەکوردستانی عێراقدا بەدەستبێنی و کەس ناتوانێ

وەك هەمیشە كورد هەر بەناسیۆنالیست و جودا خواز لەقەلەم بدات! چونكە بۆتە واقیعێكی تەواو، ئەوڕاستییە دەورروبەریش خەریكە بەتەواوی دركی پێدەكەن. بەتایبەتیش دوای دروستبونی ئەو وەزعە سیاسییەی ئەمڕۆی كوردستانی عێراق، زۆر شتی ڕاست و واقیعی بۆزۆر خەڵك و لایەن ڕونكردۆتەوەو ئەو مەترسیانەشی كە لەپێشدا هەبوون ئێستا ڕەواندۆتەوە. بۆیە ئەگەر لەدژیشی بوەستنەوە دەزانن كاریگەرییەكی ئەوتۆیان نابێ. بۆیە لە ئێستاوە هەستبەوە دەكرێ كە هەوڵدەدرێت ئەو نییەتە نیشانی كوردی عێراق بدرێ ولەداهاتووشدا دۆستایەتی كوردستانی عێراق زیاتر و هەڵسوكەوتی باشتریشی لەگەڵدا بكرێ. بەتایبەتیش دوای دروستبونی حكومەتی تازەی عێراق و تەسدیقكردنی دەستوری نوێ لەلایەن پەرلەمانی تازەی عێراقەوەكە بەئەگەری زۆرەوە كوردستانی عێراق دانی پێدەنرێ. چونكە مەسەلەی فیدرالی كوردستانی عێراق بۆتە مەسەلەیەكی یاسایی و دەستوری، بۆتە مەسەلەیەكی نێودەوڵەتی گرنگ! لەبیرمان نەچێ هەموو ئەمانە بەندن بەپاراستنی پەیوەندی بەرژەوەندییەكانی نێوان خۆمان و هاوپەیمانەكانمان لەلایەك و میللەت و حزبەكانمان لەلایەكیتر. لە هەمان كاتیشدا ئەوەمان لەبەر چاو بێ سنووری دەسەلاتی هەرێمی كوردستانی عێراق ڕوونە! كاتێ لەپشتی میكرۆفۆن دەوەستین و جەماوەردەبینین، هەندێ ڕاستی تاڵیش هەیە كەبەبێ ویست و خواستی كورد بوونەتە واقیعێك، دەبێ

**ئەوانیش ببینین. نابێ هەوڵدەین بەووشەو ڕستە هۆنینەوە یاری بەسۆزو عاتیفەی لاوەکانمان بکەین! یەك ئیرادەیی خیتابی سیاسی هەموو حزب و لایەنەسیاسییەکانی کوردستانی عێراق و ڕادەی پتەوی پردی پەیوەندییەکانی نێوان گەلی خۆمان و حزبە سیاسییەکانمان مەرجێکی حەیاتییە، هەر حزبێك میللەتەکەی خۆی لەگەڵدا بوو، مانای بوونی دیموکراسی تەواوی ئەوحزبە دەگەیەنی و وەکوئەوە یە کە ئەوحزبە قومبەلەی ئەتۆمی خۆی هەبێ، کە ئەویش میللەتەکەی خۆ یەتی!**

* لە کوردستانی نوێ ژمارە 3950 لاپەرە 7 ڕۆژی 2006/4/23 بلاوکراوەتەوە.

## 8

**یەکی مارتی 2002خالی گۆڕان و وەرچەرخان بوو لە وێستگەی پێوەندییەکانی ستراتیجی پێشووی نێوان وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و تورکیا. چونکە پەرلەمان تەزکەرەی تێپەربوونی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکای بەتورکیادا بۆعێراق ڕەتکردەوە. لەوڕۆژەوە پێوەندییەکانیان جۆرێك لەتەمومژی لێنیشتووە و ڕۆژدوای ڕۆژیش تەماویتردەبێ. دەرکردنی فیلمی**

(کورت لار وادی سی)، داوەتکردنی وەفدی حەماس لەلایەن حکومەتی ئێستا بۆ ئەنکەرە. ئەمانە زیاتر ئەمەریکایان دوو دڵکردووە. بۆیە زۆر ئاسان نییە، تازە پەیوەندیەکانی نێوانیان وەکو پێش یەکی مارتی لێبێتەوە. سەردانی ئەو دوایەی وەزیری دەرەوە خانم ڕایس بۆ ئەنکەرە، هەرلەچوارچێوەی جۆش وخرۆشدانەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان دەژمێردری، کەتورکیا چاوەڕێی هاوکاری و هیوایەکی گەورەی بەم سەردانە هەبوو. بەتایبەتیش لەبواری دژایەتیکردنی پەکەکەدا. لە ئەنجامدا کۆکبوون لەسەر ئەوەی یەکەم بەرنامەیەکی ستراتیجی هاوبەشی تازە بەیەکەوە دابنێن وتیایدا بۆچوونە سیاسیەکانی خۆیان لەسەر تەواوی بابەتەکان یەکبخەن. دووەم لێرە بەدواوە نەخشەیەك دابنرێ بۆ زیاتر قسەکردن لەڕووی هاوکاری سەربازی و سیاسی. سێهەم لەسەر مەلەفی عێراق، میکانیزمێکی سێ قۆلی لەنێوان وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکاو عێراق و تورکیا لەسەر تەواوی مەسەلەکان دابنرێ. لەگەڵ خەباتکردن لەدژی پەکەکەو هاوکاریکردنی تورکیا لەوبوارەدا. چوارەم تورکیا هەڵسانی ئابلوقەی ئابووری لەسەر قوبرسی شیمالی زۆر بەلاوەگرنگە و چاوەڕێی ئەوەیەکە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەوبوارەشدا یارمەتی تەواوی بدات. ئەمەریکاش داوای ئەوە لەتورکیا دەکات کە پێشتر هاوکاری تەواوی قوبرسی یۆنانی بکات. لەوسەردانەدا ڕایس وتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا

یەکەم وڵات بووە کە پەکەکەیان بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناسیوە. هەروەها نایانەوێ شتێك بکرێ کە هێمنی و ئاسایشی عێراق بخاتە مەترسییەوە. هەروەك ڕایس تەقدیری زۆری تورکیای کرد لەسەر بەرەو پێشەوەبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تەواوی شەعبی عێراقی و حکومەتی تازەی عێراق. مەسەلەکان زۆربەیان بەیەکەوە بەستراونەتەوە. لەسەرمەسەلەی ئێرانی، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەیەوێ تورکیا لەتەرەفی خۆیان بێ. هەروەهالە کۆبونەوەی ساین ئەردۆغان و ئەحمەدی نەژاد کەبڕیارە لە باکو یەکتر ببینن چاوەڕێی ئەوە دەکرێ کەلەو کۆبونەوەیەدا تورکیا ڕای کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بە سەرۆکی ئێرانی ڕابگەیەنێت... لەسەر مەسەلەی چەکی ئەتۆمی ئێرانی ئەمەریکا ئەندێشەیەکی زۆری هەیە، پێیان وایەگەلی ئێرانی دیموکراسی دەوێ. بەڵام فرسەت و ماوەیان پێنادرێ. ئەمەریکا ئارەزووی لەگۆڕانە. ئەگەر ئەمەریکا لەمەسەلەی پەکەکە، بتوانێ تورکیا دڵنیابکات و متمانەی ئەوەی بداتێ کەهاوکاری تەواوی دەکات، ئەوا ڕەنگە بتوانێ تورکیا بۆلای خۆی کەسپ بکات. چونکە تورکیاش سیاسەتی ستراتیجیی هاوبەشی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەلاوە زۆر گرنگە. بەڵام لەمەسەلەی دانانی ئابلوقەی ئابوری لەسەر ئێران، ئەمەیان زەحمەتە تورکیا بتوانێ هاوکاری بکات. چونکەئەمە هاوسەنگییەکی زۆر لەناوچەکە تێك دەدات. بەڵام لەبیرمان نەچێ، هەراگۆڕێنیکیش

**لەسەرمەلەڤی نەوەوی ئێرانی لەلایەن ناتۆوە دەربچێ ! ئەوا تورکیاش بەرپرسیارە وەکو ئەندامەکانی تری ناتۆ لە بەرانبەر جێبەجێکردنی بەندەکانیدا. چونکە ئەندامە لەناتۆ!**

* لە کوردستانی نوێ ژمارە 3956 لاپەرە 7 ڕۆژی 2006/4/30 بلاوکراوەتەوە.

## 9

**دابونەریت و ڕێسای بەڕێوەبردنی حکومەت هونەر زانستێکی گرنگە. لەزۆربەی ولاتانی دەرەوە سەرۆکی وەزیران لەگەڵ هەموو ئەندامانی گروپەکەی واتە ئەندامانی فراکسیۆنە پەرلەمانییەکەی خۆیدا ناوە ناوە کۆدەبێتەوە. لەبەرچاوی ڕۆژنامەوانان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و تەلەفیزۆنەکان تەواوی ئیشوکارەکانی کابینەکەی خۆی**

دەخاتە بەرچاو و باسیان دەکات کە لەوماوەیەدا چیان ئەنجامداوە. هەمووتیرو توانجێکیش کە ئەگەر لەلایەن حزبی موعارەزەوە ڕوو بە ڕووی کرابێتەوە ئەوا یەك بەیەك وەڵامی ئەوانیش دەداتەوە. بێگومان تەلەفزیۆنەکانیش ڕاستەوخۆ وتارەکەی دەگوازنەوە بۆ گەل و میللەت. بەمجۆرەهەم ئەندامانی فراکسیۆنەکەی خۆی وهەمیش میللەت لەتەواوی ئیشوکارەکانی خۆی و وەزیرەکانی ئاگادار دەکاتەوە. لە تورکیا هەموو هەفتەی جارێك بە بەردەوامی ئەردۆغان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ تەواوی ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی عەدالەت و پەرەپێدان لە هۆڵێك لە هۆڵەکانی پەڕلەمان کۆدەبێتەوە. لەو کۆبونەوەیەدا وردو درشتی ئیش و کارەکانی کابینەکەی خۆی کە لەماوەی ئەو هەفتەیەدا ئەنجامیانداوە بۆ ئەندامانی فراکسیۆنی سەربە حزبەکەی خۆی باس دەکات، ڕاستەوخۆش کەناڵەکانی تەلەفزیۆن قسەکانی دەگوازنەوە بۆ میللەت. ئەمە بۆچی؟ لەبەرچی؟ تاکو هەموو ئەندامانی فراکسیۆنی سەربەحزبەکەی خۆی کەلە پەڕلەمانن، ئاگاداری وردو درشتی ئیش وکارەکانی کابینەکەی بن و تا بتوانن لەناو پەڕلەمانیش لەبەردەمی حزبی موعارەزەدا بەباشی پارێزگاری لە حکومەتەکەی خۆیان بکەن. ئەمەش لێپرسراو یەتییەکە لە بەرانبەر میللەت و گەل . لەلایەکی تریشەوە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەدرۆغان و وەزیرەکانی هەموو دوومانگ جارێك کۆبوونەوەیەکی تر لەگەڵ تەواوی

ئەندامانی فراکسیۆنی حزبەکەی خۆی کە ئەندامن لە پەڕلەمان ئەنجامدەدات کە ماوەی دووڕۆژ دەخایەنێ. باشە ئەی ئەم کۆبونەوەیان لەپێناوی چیدایە؟ بۆچییە؟ ئەنجامدانی ئەم کۆبوونەوەیەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆیە. ئەنجامدانەکەشی بەبەردەوامی لەبەر سێ هۆی سەرەکییە. یەکەم: بۆ ئەوەی هەمووئەندام پەڕلەمانەکانی فراکسیۆنەکەیان، فڕسەتێکیان هەبێ هەریەکە بۆماوەی چارەکێك بەتەنها بتوانێ لەگەڵ سەرۆك وەزیرانەکەی خۆیاندا قسە بکەن و کێشەو گیرو گرفتێکیان گەرهەبێ دووقۆلی پێی رابگەیەنن و ئەویش یارمەتیان بدات بۆچارەسەرکردنی. دووەم بۆ ئەوەیە وەزعی ناوخۆی حزبەکەیان و فراکسیۆنەکەیان لەناو پەڕلەمان بخەنە بەرباس و لێکۆلینەوەو بزانن لەکوێ کێشەو گیرو گرفتێکیان هەیەتا بەیەکەوە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.. سێهەم ئەمجۆرە کۆبوونەوانە پەیوەندی نێوان ئەوانەی لە حزب و ئەوانەی لەحکومەت کاردەکەن بەهێزترو پتەوتردەکات و هەردوو لاشیان وەکو یەك تیم کاردەکەن و هەروەزیرێك لەناوچەیەك یا لە شارێکدا کێشەیەکی هەبێ ئەوا حزبەکەیان لەمەرکەزەوە بانگی دەکەن. نەوەکو بۆ شکاندنی! بەڵکو بۆ ئاگادارکردنەوەی لەگلەی و گازاندەکانی میللەت. بێگومان وەزیرەکەش بە سوپاسەوە گوێیان لێدەگرێت و سوود لەپێشنیارو بۆچوونەکانیان وەردەگرێت. ئەم جۆرە کۆبوونەوانە پەیوەندیان نییە

بەكۆبوونەوەكانی تری كە لەناو پەرلەمان ئەنجام دەدرێت. بەڵكو ئەوانە تەنها كۆبوونەوەی سەرۆكی وەزیرانە لەگەڵ فراكسیۆنەكەی خۆیدا كە بەم دوو شێوەیەی باسمان كرد ئەنجامی دەدات. جگەلەمە یەكێك لەوەزیرەكانی كابینەكەی خۆشی كردۆتە وتەبێژی فەرمی حكومەت. جگەلە سەرۆكی وەزیران ووەزیری دەرەوە، هیچ وەزیرێكی تر هیچ جۆرە لێدوانێك لەسەر سیاسەتی گشتی حكومەت نادەن. ئەگەر لە چوار چێوەی ئیشو كاری وەزارەتەكەی خۆیاندا نەبێت! لە كوردستانی عێراقیش پێشنیاز دەكەم بۆ سەرۆكی وەزیران و جێگرەكەی بەیەكەوە یان بەجیائەوانیش هەریەكە لەگەل فراكسیۆنەكانی خۆیان ئەم جۆرە كۆبوونەوانە ئەنجام بدەن وسوود لە تەجروبەی گەلانی تریش وەربگرین. بەو هیوایەی پێشنیازەكەمان سوودی گشتی هەبێ.

* لە كوردستانی نوێ ژمارە 3961 لاپەرە 7 رۆژی 2006/5/7 بلاّوكراوەتەوە.

## 10

هەروەكو ئاگادارن هەمووجارێ هەندێ ناوەند لە توركیا كاتێ لە سەرمەسەلەی كەركوك قسەدەكەن. مەسەلەی نەوت دەهێننە پێشەوە و دەڵێن كوردەكان بۆیە دەیانەوێت كەركوك بخەنەوە سەر

کوردستان. چونکە سەرچاوەی نەوتێکی زۆرەو دەیانەوێت سوود لەو زەنگینیەی کەرکوك وەربگرن و لە دوارۆژدا بۆ خۆیان لە رووی سیاسی و ستراتیجی سوودی لێ وەربگرن و بەکاریبهێنن. دەی هەر کەس مافی خۆیەتی با قسەوڕای خۆی بڵێت. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئێستاکە کۆمپانیاکانی تورکیا بۆ دەرهێنانی نەوت خۆیان دێن و لە کوردستان کاردەکەن و نەوت دەردەهێنن و بەدوای نەوتدا دەگەڕێن. هەموولایەك دەزانین کە کوردستان ڕێسێرڤ و پاشەکەوتی نەوتێکی یەکجار زۆری بۆ دوارۆژ تێدایە. ئەو دەوڵەمەندی و زەنگینییەی لە کوردستاندا هەیە ئەوەتا کۆمپانیا تورکییەکانی هانداوە خۆیان بێن و هەوڵی دەرهێنانی نەوت لەکوردستان بدەن. بۆ ئەم مەبەستەش ئەوەتە ماوەی چوار ساڵە کۆمپانیای (گەنال ئینەرگی تورکی) بەدەرهێنانی نەوت خەریکن. ئێستاش هەوڵەکانیان سەرکەوت و بە ئەنجام گەیشت. هەر بەم بۆنەیەشەوە ئەمڕۆ ئاهەنگی کردنەوەی بیرێکی نەوتی تر لە تەقەتەق هەموومان بەیەکەوە دەگێڕین، کە کۆمپانیای (TakTak Operation Company) (تەق تەق ئۆپەرەیشن کۆمپانی) لەگەڵ کۆمپانیای بنەڕەتی (گەنال ئینەرگی تورکی) بەیەکەوە ئەنجامیان داوە. لەبەر ئەوە دەرهێنانی نەوت لە کوردستان لەلایەن کۆمپانیا تورکییەکان هەنگاوێکی زۆر ستراتیجی و پێشکەوتنێکی زۆر گرنگە، گۆڕانێکی بابەتییانەیە لەبەرەو پێش چوونی پەیوەندیەکانی نێوان کوردو تورك،

هەروەها یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی تورکیاش لەلایەکی‌تر. بەم هەنگاوەش تورکیا لێرە بەدواوە لەبازاری نەوتی جیهانیدا دەبێتە یاری چییەکی زۆر گرنگ و بەبایەخ کە هەموولایەك حیسابی بۆدەکات. بەڵێ هەنگاوی دەرهێنانی نەوت لەکوردستانی عێراق لەلایەن کۆمپانیا تورکییەکاندا، جۆرێکە لە دانپیان و ئیعتیرافکردن بەم واقیعەی ئەمڕۆی کورستانی عێراق لە بواری عەمەلیدا بێ ڕاگەیاندنی بەشێوەیەکی فەرمی، ڕۆژ بەڕۆژیش پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا لە هەموو بوارەکانی تری ژیاندا بۆ پێشەوە دەچێت و گەشەدەکات. ئەمەش سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغێکی زۆر تازەیە لەبواری پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیادا بەتایبەتیش لە نێوان کوردستانی عێراق و تورکیادا. بۆیە لەمڕۆژە گرنگەدا ولە مەراسیمی کردنەوەی ئەو بیرە نەوتەتازەیە لەتەق تەق. پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە هەردوو گەلی کوردو تورك دەکەم بۆ ئەو هەنگاوە گەورەو بوێرانەیە کە لە بواری بنیاتنانی پەیوەندییە ستراتیجییەکانی نێوان هەردووگەل ئەنجامدرا. بەهیوای دۆزینەوەی زمانی لێك تێگەیشتنی زیاتریش لەپێناوی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی تریش کە لە نێوانماندا هەن. دەرهێنانی نەوت لەلایەن خودی کۆمپانیاکانی نەوتی تورکیا لە کوردستانی عێراق زۆر مەترسی گەورە دەرەوێنێتەوە. زمانی لێك تێگیشتنی نێوانمان بەهێزترو پیتەو تر دەکات. هەربەو بۆنەیەشەوە پیرۆزبایش لە هەموو

**ئەو کۆمپانیاو کەسایەتی و کەسانەش دەکەم کە ڕۆل و دەوریان هەبوە لە ئەنجامدانی ئەو کارە پیرۆزە کەدەبێتە سەرچاوەیەکی دارایی گرنگ و بەهێز بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوری کوردستان و گەشە پێدانی وولاتەکەمان لە هەموو بوارەکانیدا. ئێمە خۆمان هەبین و بەویست و ئیرادەی خۆمان بەتەواوی کاربکەین و یەکگرتوبین، ئەمری واقیع خۆی دروست دەبێت. ئەمڕۆ کوردستان بۆتە واقیعێکی تەواو. هەموو کەس خۆی لەگەڵیدا ڕادێنێ. کردنەوەی ئەو بیرە نەوتە تازەیەش لە تەق تەق، لە هەمووخەڵکی ناوچەکەو گەلی کوردستان پیرۆز بێت...**

* لە کوردستانی نوێ ژمارە 3967 لاپەرە 7 ڕۆژی 2006/5/14 بڵاوکراوەتەوە.

## 11

**یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا بۆ گەلەکەمان هەنگاوێکی مێژوویی، بوێرانە و**

دلخۆشکەر بوو. لێرە بەدواوە پەرلەمان و حکومەت ئەرکی زۆر گەورەترو بایەخدارتریی دەکەوێتە سەرشان. ئەویش سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ماڵی کوردە لە هەموو بوارەکانیدا. لە هەمووشی گرنتر هەوڵدانە، بۆ بڵاوکردنەوەی ڕوحی برایەتی و خۆشەویستی لە نێوان تاکەکانی خەڵکی کوردستان، چارەسەرکردنی کێشەی ژیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەواوە بۆیان. هەروەها یەکێك لە بەرنامەی ئەو خاڵانەی کە پەرلەمان و حکومەتەکەمان پێویستە ئەنجامی بدات، دانانی بەرنامەیەکی زانستیانەی گونجاوە بۆ (پاشەکەوت کردنی داهات و کەمکردنەوەی مەسروفاتی زیادە) لە هەموو بوارەکاندا. هەموو لایەکمان تا ئێستا هەوڵمان دەدا سیاسەتی ڕازیکردن جێ بەجێبکەین. ئەو قۆناغە تەواو بوو. ئێستا قۆناغێکی تازە هاتە پێشەوە. بۆیە پەرلەمان و حکومەت سەرەتا دەبێ لە خۆیانەوە دەست پێ بکەن و پرسیار لە خۆیان بکەن! گەلۆ پەرلەمانی کوردستان لەداهاتو بەڕاستی پێویستی بە ژمارەی (111) سەدو یانزە ئەندام پەرلەمان هەیە؟ حکومەتەکەمان لەداهاتو بەڕاستی پێویستی بەو هەموو ژمارە زۆرەی وەزیران هەیە؟ بەڕاستی پێویستی بەو هەموو وەزارەتانە هەیە؟ لە کاتێکدا کوردستانی عێراق ئێستا ژمارەی دانیشتوانەکەی ناگاتە (4) ملیۆن کەس. ئەگەر شوێنە تازە ئازاد کراوەکانیشی بخرێتەوە سەر، هێشتا ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانەکەی زۆرە بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانی ئێستای

کوردستان. بۆیە هەقوایە ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەداهاتودا لە (85) ئەندام زیاتر تێپەرنەکات. بۆ ئەو مەبەستەش پێشنیاردەکەم پەرلەمان لە ئێستاوە پرۆژەیەك ئامادە بکات وبیر لە کەمکردنەوەی ژمارەی ئەندامەکانی بکاتەوە. تورکیا ولاتێکی یەکجار گەورەیە، دانیشتوانەکەی لە(70)حەفتا ملیۆن کەس زیاترە، ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانەکەی (550) پێنج سەدو پەنجا ئەندامە، کە ئەوەش زۆرە. بەلام ئەنجومەنی وەزیرانەکەی پێك هاتووە لە (23) کەس. سەرۆکی وەزیران و(3) سێ جێگری سەرۆك وەزیران کە لەهەمان کاتداجێگرەکانیش وەزیرن، لەگەڵ (19)نۆزدە وەزیری تر. واتە ژمارەی وەزیرەکان دەکاتە (22)بیست و دوو وەزیر. لەگەل سەرۆکی وەزیران هەموویان بەیەکەوە (23) بیست و سێ کەسن. بەلام حەفتا ملیۆن(70) کەس ئیدارە دەدەن و بەرێوە دەبەن. کەچی حکومەتی هەرێمی کوردستانی خۆمان بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانەکەی ئێستای! ژمارەی وەزیرەکانی یەکجار زۆرە. بەڵێ ئێستا زروفێکی تایبەتییە. بەلام ئەمانە هەمووی لەسەر حکومەت و میللەت مەسروفاتی زیادەن. ڕاستە وەزارەتەکان بەگوێرەی بەغدا دانراوون. بەلام ژمارەی وەزیرو وەزارەتەکانی حکومەتی بەغداش یەکجار زۆرە. لەوێش ئەو ژمارەیە پێویستی بەکەمکردنەوەو تێکەلاوکردن هەیە. لەلایەکیتریش هەقە بەجدی خۆشمان لە ئێستاوە ئەوەندە بەچاوی گومانەوە تەماشای

**حكومەتەکەی خۆمان نەکەین. چونکە بۆ هەڵسەنگاندی کاروبارەکانی ئەو کابینەیە، بەڕاستی هێشتا زووە. لای کەم ماوەی ساڵێ و نیوێك دووساڵی پێویستە، تا مرۆڤ بتوانێ بە باشی تەقیم و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە دەربارەی بکات. ئەرکەکانیان زۆر قورسن. پێویستە هەمولایەکمان پشتیوانییان لێبکەین. چونکە ئەوە حکومەتی هەموومانە. تەمەنای سەرکەوتن سەرفرازییان بۆ دەخوازین...**

* لە کوردستانی نوێ ژمارە 3970 لاپەڕە 7 ڕۆژی 2006/5/21 بلاوکراوەتەوە.

12

**بولگاریا نیزامەسیاسییەکەی کۆماری - پەرلەمانییە. هەموو پێنج ساڵ جارێك سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێرێت. سەرۆك کۆماریش مافی ئەوەی هەیە تەنها بۆجاری دووەم خۆی بپاڵێوێتەوە. بەرزترین دەسەڵاتی سیاسییە لەوڵات و سەرۆکی سوپایە. کارەکانی زیاتر پرۆتۆکۆلین. ئەندامانی پەرلەمان مافی ئەوەیان هەیە لە سەربریارەکانی سەرۆك کۆمار ئیعتیراز بکەن. سەرۆکی وەزیران دەسەڵاتی لەسەرۆك کۆمار زیاترە. دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردن، بۆ پێکهێنانی حکومەت سەرۆکی وەزیران لەلایەن سەرۆکی کۆمارەوە تەکلیف دەکرێ. ئەنجومەنی وەزیران لە (20) بیست ئەندام پێکهاتووە. پەرلەمانەکەشیان لە (240) ئەندام پەرلەمان پێکهاتووە. هەموو چوارساڵ جارێ هەڵبژاردنی پەرلەمان دەکرێ. لە هەڵبژاردنی 2005/6/25دا تەنها حەوت حزب توانیان بگەنە ناو پەرلەمانی ئێستای بولگاریا. لە ناویاندا (کوالیشنی بەرەی بولگاریا BSP، ناشنال موڤمێنت سیمۆن NMS وبزوتنەوەی ما ف و ئازادیی MRF)، ئەو سێ لایەنانەبەیەکەوە حکومەتی ئێستایان پێکهێناوەو(169) ئەندام پەرلەمانیان هەیە. حزبەکانی تریش ئۆپۆزسیۆنن. ژمارەی دانیشتوانی بولگاریا ناگاتە هەشت ملیۆن. بولگارییەکان لەڕووی ئایینەوە لە 82.6٪ پەیڕەوی لە کەنیسەی ئەرتەدۆکسی دەکەن، لە 12.2٪شیان موسڵمانن. ئەوانی تریش کاتۆلیك و پرۆتستانت ودینەکانی ترن. نزیکەی 83.9٪ لە**

دانیشتوانەکەی بولگارین. هەندێ سەرچاوەدەڵێن تورکەکان زیاترلە 9.4٪ی دانیشتوان و ڕۆمانییەکانیش لە 4.7٪ی دانیشتوانی وڵاتەکە پێکدەهێنن. بەڵام سەرچاوە ڕەسمیەکان تەنها باس لەڕێژەی بوونی 6٪ی تورکەکان دەکەن. باسیش لەزاراوەی ئەقەلیاتی قەومی ناکەن! چونکەبە ئەقەلیاتی قەومی لە دەستوردا نەناسراون. بەڵکو لەدەستوردا زاراوەی (ناشنال کۆمونیتی) یان بۆ بەکارهاتووە. هەندێ میللەتی تریش لەبولگاریا هەیە کەژمارەیان زۆر نییە، وەکو ڕووسەکان، تەتەر، مەکدۆنی، ئەرمەنی، یۆنانی و جولەکە. لە بولگاریا بەپێی دەستور، دروستکردنی پارتی سیاسی لە سەر بنچینەی ئێتنیك و قەومی قەدەغەیە! بۆیەبەناوی تورك پارتێکی سیاسییان نییە و لە دەستوردا تورکەکان وەك (National Community) ناشنال کۆمونیتی ناسراون، نەوەکو ئەقەلییەتی قەومی! هەموو هاوڵاتی بولگارین. لەیەك شوێن ناژین و بڵاون. زیاتر لە دێهات و شارۆچکەکانی سەر بە شارە گەورەکانی وەکو (کرجەلی وشومەن) دەژین. زۆرینەی دانیشتوانی ئەو شوێنانە پێکدەهێنن. هەروەها لە شارەکانی (فیلیپێ ودۆبروجەو سۆفیا)ش هەن. سەرچاوە ڕەسمییەکان باس لەبوونی چوارسەد تا پێنج سەد هەزار تورك لە بولگاریادەکەن. بەڵام تەرەفی تورکەکان باسی خۆیان بە ملیۆنێك زیاتر دەکەن. زمانی خۆیان دەخوێنن. لە ساڵەکانی ڕابردوو ژمارەیەکی زۆریان گەڕانەوە بۆ تورکیا. بزوتنەوەی ماف و ئازادیی (MRF)، بزوتنەوەیەکە

**تورکەکان کاری تێیدا دەکەن وزیاتر مۆرکی ڕێکخراوێکی تورکی پێوە دیارە. بەڵام بەڕەسمی و بەپێی دەستور ڕێکخراوێکی بولگارییە. چونکە پارتی سیاسی نابێ لەسەر بینچینەی ئێتنیکی و قەومی دروست بکرێت. لە تورکیا شانبەشانی تورك، کورد، چەرکەس، لاز، عەرەب، ئەرمەنی، روم، سریانی و یەهودی هەیە. ئەوانەی غەیرە موسلمانن وەکوئەرمەنی، روم، سریانی ویەهودی بەپێی ڕێکەوتنامەی (لۆزان) بەکەمایەتی ناسراون! لە عێراقدا تورکمانەکان لەسەر بنچینەی قەومی و ئێتنیکی خۆیان زیاتر لە دەیان پارت ورێکخراوو حزبی سیاسیان هەیە. بەتایبەتیش لە کوردستان زیاتر سەربەست و ئازادن. تەلەفزیۆن، رادیۆ، ڕوژنامە، قوتابخانەو هەموو مافێکی سیاسی و کولتوری خۆیان هەیەکە کورد هەیەتی. لە دەستوری تازەشدا مافەکانیان بۆ سەلمێنراوە.. بۆیە ئێمەی کورد، هەقە شانازی بە سیستم و بەبروا بە دیموکراسیبونی میللەتەکەی خۆمان بکەین لەگەڵ هەموو ئەو کێشەو گیرو گرفتانەش که هەمانە.**

* لە کوردستانی نوێ ژمارە 3979 لاپەرە 7 ڕۆژی 2006/5/28 بڵاوکراوەتەوە.

13

**لە ماوەی ڕابردوو زۆرجار هاولاتیانی كوردستان لەكاتی سەفەرو هاتنیان بۆمەتاری ئیستانبول توشی كێشەو گیروگرفت هاتون. هەرجارەی بەجۆرێك و بەشێوەیەك، بڕوبیانویان بۆ دۆزراوەتەوە. پاش هەولدانێكی زۆر بۆ یارمەتی دانی ئەو خەلكانە لەلایەن مەكتەبەكانی یەكێتیی نیشتمانی كوردستان و پارتی دیموكراتی كوردستان و سەفارەتی عێراقی. هەندێ جار گوێمان لێگیراوەو یارمەتی دراوین وە هەندێ جاریش بەداخەوە كاربەدەستانی مەتار لەسەر بڕیارەكانی خۆیان سوربونەو ڤیزایان پێنەداون خەلكەكانیان گێڕاوەتەوە. دوای هەولدانێكی زۆری هەمەلایەنە لە ئەنكەرە، خۆشبەختانە توانرا هێلی هاتوچۆی فرۆكەوانی نێوان ئیستانبول وبەغدا بكرێتەوە. پاشانیش ئیستانبول وهەولێر، ئیستانبول وسلێمانی. بەداخەوە ئەوەی سلێمانی بەهۆی كێشەو گیروگرفتی هێلەكانی فڕین و كاربەدەستانی مەتاری ئیستانبول لەسەر مەسەلەی ڤیزا نەختێ دواكەوت. هەرچەندە چەندین جاربەندە لەگەل لێپرسراوانی وەزارەتی دەرەوەو ناوەوە گفتو گۆمانكردووە و پێمان ڕاگەیاندوون كەهۆی چییە ئەو خەلكانەی لە مەتاری سلێمانییەوە دێن بۆ ئیستانبول لە مەتار ڤیزایان پێ نادرێ؟ لە وەلامدا كاربەدەستان بەسەرساموییەوە دەلێن ئێمە دەستورمان داوە هەر عێراقییەك كە خاوەنی پاسەپۆرتی ڕەسمی عێراقی بێ، دەبێ لە مەتار ڤیزای پێ بدرێت و فەرق و جیاوازییەك نییە لە**

نێوانی مەتاری هەولێرو بەغداو سلێمانی. ئەو كێشەیە پەیوەندی بە هێلەكانی فڕینی نێوان هەردوولاوە هەیەو بڕیارێكی سیاسی لە پشتی ئەو مەسەلەیەوە نییە! ئەو خوشك و برایانەش كە لەڕێگای مەتارەكانی هەولێرو بەغداو عەمانەوە بەرەو مەتاری ئیستانبول دێن. بەپێی ڕێنومابیەكانی وەزارەتی ناوخۆی توركیا كار بەدەستانی مەتار دەبێ هەموو كەس كە ئەو مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێ ڤیزای توركیا لەمەتار وەربگرن. بە پێچەوانەوە ئەگەر یەكێك، یەكێ لەو مەرجانەی خوارەوەی تێدا نەبێ. ئەوا پۆلیس بەپێی یاسا ئەو كەسە دەگێڕێتەوەو ڤیزای پێ نادات. هەروەها دەبێ ئەوەش ڕوونبێ، هەر عێراقییەك لە هەرشوێنێكی دونیاوە بۆمەتاری ئیستانبول بێت بەبێ ڤیزا! دەیگێڕنەوە. تەنها ئەو كەسانە لە مەتاری ئیستانبول ڤیزا وەردەگرن كە لە یەكێ لەو مەتارانەوە بێ بۆ مەتاری ئیستانبول، وەكو(عەممان، بەغدا، هەولێر وسولێمانی)، بەڵام ئەوەی سلێمانی هێشتا كێشەلە نێوان هێلەكانی فرین هەیە. جا بۆ كارئاسانی و هاوكاریكردنی هاولاتیانی هەرێمی كوردستان. بە تایبەتیش ئەو گەشتیارانەی كە لە ڕێگای ئەو مەتارانەوە دێن بۆ مەتاری ئیستانبول، دەبێ ڕەچاوی ئەو خاڵانەی خوارەوە بەووردی بكەن ووەدەبێ هێلەكانی فڕینیش لەكاتی بلیتفرۆشتن پێیان، تەماشای پاسەپۆرتەكانیان بكەن و بزانن ئایائەو ڕێنومابیانەیان تێدایە كەلە مەتاری ئیستانبول داوای دەكەن یاخود نا. ڕێنومابیەكانیش، یەكەم

هەموو کەسێك دەبێ بلیتی سەفەری هاتن و چوونی هەبێ. دووەم هەموو کەسێك دەبێ بەلای کەم لە هەزار دۆلاری کەمتری نەبێ، ئەگەر زیاتری پێبێ زۆر باشتریش. سێهەم هەموو کەسێك شوێن و جێگای حەوانەوەی لە تورکیا دیاربێ، هۆتێل بێ یا ماڵ. چوارەم پاسەپۆرتەکانیان دەبێ لە (6)شەش مانگ زیاتر مۆڵەتی درێژکردنەوەی تێدا مابێ. پێنجەم ئەگەر وەفدی ڕەسمی بێت، دەبێ بتوانێ بیسەلمێنێ کە وەفدی ڕەسمییە. شەشەم ئەگەر ئەو کەسە بازرگان بێ، دەبێ بازرگانی بوونی خۆی بسەلمێنێ. حەوتەم هەمووکەسێك دەبێ جانتای سەفەری خۆی پێ بێ و کەلو پەلەکانی لەناو عەلەگەیەکدا نەبێ. بەپێچەوانەوە هەرکەسێك یەکێك لەوخالانەی سەرەوەی تیادا نوقسان بێ! ئەوا بەپێی ڕێنومایی ڕەسمی ڤیزای تورکیای پێنادەن لە مەتارو دەیگێڕنەوە. باشتریش ئەوەیە کاتێ دەپرسن بۆهاتوون، نەڵێن دەچین بۆ ئەورروپا. لەوحالەتەدا یەکسەر پۆلیس دەپرسێ کوا ڤیزەی ئەورروپات؟ جا بۆ ئەوەی هاولاتیانی کوردستان توشی کێشەو گیروگرفت نەبن، بەباشم زانی ئەو ڕونکردنەوانەیان بۆبنووسم. هیوادارم بەوردی ڕەچاوی بکەن. بەو هیوایەی توشی کێشەو گیروگرفتی ڤیزا نەبن لەداهاتودا.

* لە کوردستانی نوێ ژمارە 3985 لاپەرە 7 ڕۆژی 2006/6/4 بلاوکراوەتەوە.

14

**دونیا دەوڵەمەندی زۆر گەورەی تیایەکە خاوەنی سەروەت و سامانێکی یەکجار زۆرن. هەندێکیان ئەو سەروەت و سامانە بۆ خۆیان و دەوروبەرەکانیان بەکاردەهێنن، هەندێکیشیان بۆ خزمەت کردنی مرۆڤایەتی و هەژاران، لەڕێگای ئەنجامدانی دەیان پرۆژەی خزمەتگوزاری مرۆیی و پرۆژەی تر بۆ پێشکەوتنی زانست و زانیاری. ئەم جۆرە کەسایەتییانە هەمیشە جێگای ڕێزو پێزانینێکی زۆرن لەنێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ونێو دەوڵەتیدا. یەکێك لەودەوڵەمەندە ناودارو گەورانە،کەسایەتییەکی سیاسی، مرۆیی، زانستی وکۆمەڵایەتی دۆست، پرۆفیسۆر دکتۆر ئیحسان دۆغرەمەجییە، کە لە دایکبووی 1915/4/3ی شاری هەولێری دێرینی قەڵاو مونارەیە. لە ساڵی 1936هاتۆتە تورکیا، لەوکاتەوە تا ئێستا لە ئەنکەرە ژیان بەسەر دەبات. پرۆفیسۆر د. ئیحسان لە 1984/10/20 بۆخزمەتکردنی زانست و زانیاری، لەسەر حیسابی خۆی زانکۆی (BILKEN بیلکەنت)ی دامەزراند. بێ ئەوەی هیچ جۆرە یارمەتییەکی ماددی لە دەوڵەت وحکومەت وەربگرێ. ئەم زانکۆیە ساڵی 1986 بە (386) خوێندکار دەستی پێکرد. لە هەموو دونیاش لەڕووی زانستییەوە دانی پیانراوە. ئەمڕۆش زیاتر لە**

(10) دەهەزار خوێندکار تییایدا دەخوێنن. لە (40) چل وڵاتی جۆراو جۆری دونیاوە خوێندکار بۆ خوێندن ڕووی تێدەکەن. بڕوانامەی بەکەلۆریۆس و ماجستێرو دکتۆرای تیایدا بەدەستدەهێنن. زانکۆکە لەڕووی بیناسازییەوە بەجوانترین شێوەی هونەری بیناسازی و مۆدێرنترین سیستمی زانست و زانیاری و تەکنەلۆجیای سەردەم دروستکراوە. نۆ (9) فاکولتێتی جۆراو جۆری تێدایە. لەم ڕۆژانە ئەو کەسایەتییە گەورەیە، پڕۆژەیەکی تازەی پێشکەشی پەرلەمانی تورکیا کردووە وتیایداداوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دروستکردنی (4) چوار زانکۆی تری کردووە. بێگومان لەسەر حیسابی خۆی کە دەیەوێت لە ڕۆژهەلات و باشوری ڕۆژهەلاتی تورکیا لە شارەکانی (مەلاتیا، ئورفە، وان، ئەرزەرووم) هەر چوار(4) زانکۆبە تازەترین شێوە دروست بکات. ئەم چوار زانکۆیەش لە قوتابخانەی سەرەتای و ناوەندی و ئامادەی تادەگاتە هەموو کۆلیجەکانی ترلەخۆیەوە دەگرێت،. تائێستا بۆ ئەنجامدانی ئەم پڕۆژەیە (47) چل وحەوت ملیۆن دۆلاری خۆی لەئەنجامی داهاتەکانی زانکۆی بیلکەندبۆ ئەم پڕۆژەیە کۆکردۆتەوەو تەرخانی کردووە. وابڕیاریشە ئەو باجەی کە لە زانکۆی بیلکەند تا ئێستا بەحکومەتی داوە، لێرە بەداووە نەیدات. بەڵکو هەموو باجەکەی بۆبخرێتە سەر ئەو (47) چل و حەوت ملیۆن دۆلارەی کە خۆی بۆدروستکردنی زانکۆکان پاشەکەوتی کردووە.. بریاریشی داوە لە(70٪)ی ئەو

خوێندکارانەی کەلەو زانکۆیانە دەست بەخوێندن دەکەن پارەیان لێوەرنەگرێ. بەڵکو تەنها لە (30٪)ی خوێندکاران بەپارە بخوێنن. هەروەها بۆهاندان و تەشویق کردنی پرۆفیسۆرو مامۆستاو ئەندازیارو دکتۆر و هەموو ئەو ستافانەی کە لەداهاتودا ئەو زانکۆیانە بەڕێوە دەبەن بۆ ئەوەی بچنە ناوچەکە، منداڵەکانیان بەبێ پارە لەو زانکۆیانە دەتوان بخوێنن. جگە لە دابینکردنی موچەو پێداویستییەکانی تری ژیانیان. ئەمەش گرنگیدانێکی زۆر گەورە یەبە خەڵکی ئەو ناوچانە لە پێناوی بوژاندنەوەی باری ئابوری و بەرزکردنەوەی ڕادەی ڕۆشنبیرییان. بێگومان زانکۆکەش بەمودێرنترین سیستمی زانستی دروستدەکرێ و لەسەر سیستمی زانکۆی (CAMBRIDGE) لە هەموو ڕووێکەوە ئامادەدەکرێ. لەم ماوەیەدا پەرلەمانی تورکیا لەسەر ئەم پرۆژەیە گفتوگۆ دەکات. واپێشبینی دەکرێ بەم زووانە ڕەزامەندی لەسەردەربچێت. دوای ئەوەش یەکسەردەست دەکرێ بەدروست کردنیان. بەم هەنگاوە گەورەیە پرۆفیسۆر دکتۆر ئیحسان دۆغرەمەجی خزمەتێکی گەورەی تر پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکات. بەم هیوایەی دەوڵەمەندە گەورەکانی کوردستانی خۆشمان چاو لە وجۆرە کەسایەتی و دەوڵەمەندانە بکەن و بەشێکی کەمی پارەکانیان بۆ ئەم جۆرە پرۆژانە تەرخان بکەن.

* لە کوردستانی نویٚ ژمارە 3991 لاپەرە 7 ڕۆژی 2006/4/11 بلاّوکراوەتەوە.

15

**لە چەند ڕۆژی ڕابردوو کۆمەڵێك کێشەو گیروگرفتی زۆر لە نێوان تورکیاو یەکێتی ئەورووپا بەهۆی بەکارهێنانی ڤیتۆی قوبرسی یۆنانی لە بەرانبەر تورکیا لەکاتی دەستپێکردنی گفتۆگۆکان لە 2006/6/12 لە بروکسل لەسەر مەسەلەی قوبرس هاتە پێشەوە. بێگومان یەکەم بابەتی گفتۆگۆ کردن، مەسەلەی (زانست و لێکۆلینەوەی زانستی) بوو کە یەکێکە لەو (35) سی وپێنج مادەیەی کە دەبێ تورکیا بەپێی مەرجەکانی کۆپنهاگن یەك لەدوای یەك جێ بەجێیان بکات. ئەو ماددانەش بەو شێوەیە جێبەجێ دەکرێن کەتا ماددەیەك تەواو نەبێ و دەنگی لەسەر نەدرێ ماددەی دووهەم ناخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ئەو (35)سی وپێنج ماددەیەش تورکیا دەبێ ڕیفۆرمی تەواویان تێدا بکات و بەپێی داخوازییەکانی یەکێتی ئەورووپا جێ بەجێیان بکات. هەروڵاتێکیش ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا هەقی ئەوەی هەیە (70) حەفتا جارمافی ڤیتۆ بەکاربهێنێ، ئەگەر هاتوو ئەو وڵاتە پێی وابوو کە تورکیا داخوازییەکانی جێبەجێ نەکردووە. ڕۆژی 2006/6/12 یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی گفتوگۆکان بوو، کە هەرلەیەکەم ماددەوە قوبرسی**

یۆنانی ڤیتۆی خۆی بەکارهێنا. سێ مەرجیشی لە تورکیا داواکرد کەپێش دەستپێکردن بەماددەی یەکەمی گفتوگۆکان کە (مادەی زانست و لێکۆلینەوەی زانستی) بوو تورکیا دەبێ جێبەجێیان بکات. مەرجەکانیش یەکەم تورکیا قوبرسی یۆنانی بەڕەسمی بناسێ، دووەم تورکیا فرۆکەخانەو شوێنی کەشتیەکانی لە کەناری دەریاکان بۆ فرۆکەو کەشتییەکانی قوبرسی یۆنانی بکاتەوە، سێهەمیش ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات بەشێوەیەکی فەرمی. بەهۆی دانانی ئەوسێ مەرجە، عەبدوڵلە گولی وەزیری دەرەوەی تورکیاسەرەتا بریاری دا بەشداری کۆبونەوەکان نەکات، ئەگەر بێت و ئەو شەرتانە هەڵنەگیرێن! پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری سەفیری بەریتانیا لە ئەنکەرە (سێر پیتەرڤێست ماکۆت) وهەوڵی وڵاتانی تری یەکێتی ئەورووپا قوبرسی یۆنانیان ڕازیکرد کە جارێ واز لەو مەرجانە بێنێ. پاشان یەکێتی ئەورووپا جارێ ئەو سێ مەرجەیان دواخست وگول سەفەری کردو بەشداری کۆبونەوەکانی کرد. لەئەنجامدابەپێی داخوازییەکانی یەکێتی ئەورووپا تورکیا تا کۆتایی ساڵی 2006 دەبێ هەموو فرۆکەخانەو شوێنی ڕاوەستانی کەشتییەکانی خۆی لەبەردەم فرۆکەو کەشتییەکانی قوبرسی یۆنانی بکاتەوە. هەروەها لەماوەی گفتۆگۆکانیش دەبێ بەفەرمی دانبنێت بەقوبرسی یۆنانی، کە ئەو مەرجانە هێشتا بۆتورکیا زۆر قورسە. ئاشکرایە (تورکیاو کرۆواچیا) هەردوکیان پالێوراوون بۆ یەکێتی

ئەوروپا. لە ئەنجامی ئەو کۆبونەوەیەی کە لەڕۆژانی 12 و 2006/6/13 لە بروکسل بەسترا، یەکێتی ئەوروپا پیرۆزبایی لە کرۆواچیا کرد کە هەموو داخوازییەکانی یەکێتی ئەوروپای جێبەجێ کردووە. کەچی یەکێتی ئەوروپا تورکیای ئاگادارکردەوە، کە ئەگەر تا ئۆکتۆبەری ساڵی 2006 ڕیفۆرمەکانی چالاکانە ئەنجام نەدات، بەتایبەتیش مەسەلەی مافی مرۆڤ ومەسەلەی قوبرسی یۆنانی، ئەوا ئەگەری ئەوەدێتە پێشەوە گفتۆگۆکانیان لەگەڵ تورکیا بەتەواوی ڕابگرن. چونکە تورکیا داخوازییەکانی یەکێتی ئەوروپای وەکو پێویست جێبەجێ نەکردووەو ڕیفۆرمەکانی بەسستی بەڕێوە بردووە بەپێی ڕای کۆمیسیۆنەکانی یەکێتی ئەوروپا. لەوبارەیەوەش عەبدوللە گولی وەزیری دەرەوەی تورکیا لەکۆبونەوەکان نیگەرانی زۆری پێوە دیار بوو. بۆیە لە داهاتودا زەحمەتییەکی زۆر چاوەڕێی تورکیا دەکات. چونکە ئەگەر لە ماددەی یەکەم ئەوها تورکیا توشی کێشەو گیروگرفتی زۆر بێ، ئەوا دەبێ لە مادەکانی ترچۆن بێ، کەزۆرهەستیارترو گرنگترن. بۆیە تورکیا ناچارە ڕیفۆرمەکانی خۆی بەپێیی ڕێنومایییەکان و مەرجەکانی کۆپنهاگن جێ بەجێ بکات. ئەوەی ڕاستی بێ تورکیا ناچاردەبێ ئیعتیراف بە قوبرسی یۆنانی بکات و ڕیفۆرمەکانی بەباشی بەڕێوە ببات. ئەگەرنا ئابوری تورکیا توشی کێشەو گیروگرفتێکی یەکجار زۆر گەورە دەبێ و بە تەنها ناتوانێ

زاڵبێ بە سەر کێشە ئابورییەکانی. وڵاتانی یەکێتی ئەورووپاش پێیان وایە ئەو دەستپێکەی تورکیا، دەستپێکێکی دڵخۆشکەرنەبوو.

* لە کوردستانی نوێ ژمارە 3997 لاپەرە 7 ڕۆژی 2006/6/18 بڵاوکراوەتەوە.

# 16

ئەو دەورە تەواوبوو کە ئیتربڵێین پەرلەمان و حکومەتەکەمان ساوایە و وەك تەجروبەیەکی ساواش بەبەردەوامی باسی بکەین. ئەگەرتائێستا ساواش بووبێت ئەوائێستاکە چواردە ساڵی بەسەردا تێپەربوو ئیتر گەورەبووەوساوانەماوە. بۆیە قۆناغی ئێستا قۆناغی بەرەو پێشەوە بردن وگەشەپێدانیانە لە هەموو بوارێکەوە. قۆناغی بە دامودەزگا کردن ومۆدێرنکردنی پەرلەمان و حکومەتەکەمانە. دەبێ تەماشای تەجروبەی گەلانی تر بکەین. بۆیە هەقە سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی وەزیران و سەرۆکایەتی پەرلەمانەکەمان. هەریەکەیان بەجیا جیا، بەشی پرۆتۆکۆل و مەراسیم بۆ خۆیان دروست بکەن. یا ئەگەرئەو بە شانەیان هەیە بە شێوەیەکی باشتر گەشەی پێبدەن. بۆ ئەوەی هەموولایەکمان بزانین چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو بابەتە گرنگانەدا دەکەین. ئەمانە هەموو یاساو رێسای تایبەتی خۆیان هەیە، دەبێ فێریان بین. ئێستا تێکەلوپێکەڵییەك لەوبارەیەوە دەبینرێ. بەتایبەتیش لەکاتی هاتنی ئەو

وەفدانەی کەدێن بۆ کوردستان. بۆنموونە دەبینین وەفدێکی زۆر ئاسایی هاتووە بۆ کوردستان. ئەووەفدە لە لایەن سەرۆکی وەزیران پێشوازی کراوە، لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان پێشوازی کراوە، جاروباریش لەلایەن سەرۆکی هەرێم. هەروەها هەمان وەفد لەلایەن پاریزگاری هەولێر، جاروبار پارێزگاری سولیمانیش پێشوازی کراوە. پاشانیش وەزارەتەکانی تایبەت بەو وەفدە. ئینجا لەدوایدا هەردوو مەکتەبی سیاسیش ئەو وەفدەیان پێشوازی لێکردووە. ئێوارەش هەرکام لەکەنالی تەلەفزیۆنەکان دەکەیتەوە، ئەوادەبینین ئەو خەبەرە بڵاو دەکەنەوە، مرۆڤ خوا خوایەتی تەلەفزیۆنەکە هەرزووبەخێرایی دا بخاتەوە. لەکاتێکدا هیچ پێویست نییە، دەربارەی هەمان وەفد لەهەمووشوێنەکان هەمان خەبەر بڵاوبکرێتەوە. چونکە هەندێ کارهەن سولبی ئیشوکاری ئەو لێپرسراونەیە ئەنجامی بدەن. مەرج نییە هەمووی هەر بکرێنەخەبەر. ئەگەر خەبەرێکی گرنگ بوو،زۆر ئاساییە لەراگەیاندنەکان بڵاویش بکرێتەوە. لەو دواییەداسەفیری ئۆکرانیا هات، بەجورێ پێشوازیمان لێکرد، لە کوردستان مەسئول نەما ئەو سەفیرە نەبینێ. ئەی ئەگەر سەرۆکی ئۆکرانیاخواکردی خۆی رێی کەوتە کوردستان، کێ دەبێ ببینێ! ئایا کەسی گەورەترمان ماوە پێشوازی لێبکات! کابینەی حکومەتی ئەردۆغان بۆ چوارساڵ دەچێ، دەموچاوی هەندێ لەوەزیرەکانی هێشتا لەلایەن میللەتەوە زۆر ئاشنا نین. بۆ؟ چونکە زۆر بەکەمی لەتەلەفزیۆنەکان

دەردەچن. تەنها سەرۆك وەزیران، وەزیری دەرەوە، ناوخۆ،بەرگری و عەدل نەبێت، ئەوانیش لەحالەتی ئەوەی کە ئەگەر کارێکی زۆر گەورە بکەن، یا سەرۆکی دەوڵەتێك یا وەزیرێکی هاومەسلەکیان لەدەرەوە بێت دەبینرێن، ئەویش لەکاتی پێشوازی کردن یا بەستنی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی هاوبەش دا. ئەوانی تر کەس ناشیان ناسێ وخەریکی بەرێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی خۆیانن. کاتی ئەوە هاتووە لێپرسراو بەئیش بناسرێ نەك هەموورۆژێ لە تەلەفزیۆن وێنەی بلاوبکرێتەوە. بەڕاستی هەقە ئیتر مەسەلەی خەبەرو خەبەرۆکەش لێکجیابکەینەوە. چونکە ئەگەر ئێمە لەکاتی هاتنی وەفدێکی ئاوەها ئاسایی بەمشێوەیە ڕەفتاربکەین! ئەی باشە ئەگەر هاتوو وەفدەکە زۆر گەورەترو گرنگتر بوو لەڕووی سیاسی و مەکانەتی دەوڵیەوە، ئەو کاتە دەبێ کێ بییان بینێ وچۆن پێشوازییان لێ بکەین؟ بەڕاستی ئەوە نابێ، ئەو نەفەسە، نەفەسی کارکردنی سەردەمی پەنجا بەپەنجابوو، تەواوبوو. لێرە بەدواوە پێویستە کابینەی پێنجەم ئەوجۆروشێوە کارکردنە بەتەواوی بگۆڕێ. تەنسیقێکی باش لەوبارەیەوە لەگەل پەڕلەمان بکات. هەندێ وەفد هەیە هیچ پەیوەندی بە پەڕلەمانەوە نییە. هەق نییە پەڕلەمان خۆی بەو کارانە خەریك بکات. بەڵکو پەڕلەمان دووئیشی هەیە. یەکەمیان دەرهێنانی یاسای گونجاو. دووەمیان چاودێریکردنی ئیشوکاری حکومەت و لێ پرسینەوە. هەروەك پێشوزایکردنی پەرلەمێنتاران و وەفدی پەڕلەمانی

لە لایەن پەرلەمانەوە. بەڵام پێشوازیکردن لەوەفدی کۆمپانیاو بازرگانی، ئەوەیان کاری پەرلەمانی کوردستان نییە. بەڵکو کاری حکومەتە. لە حکومەتیش وەزارەتەکان. لە وەزارەتەکانیش بەرێوەبەرایەتییەکان، نەوەکو خودی سەرۆکی وەزیران و وەزیرەکان. زۆر جار دەبینین لەدەرەوە دەعوەتێك دێت، دەعوەتە کە رەسمیش نییە. کەچی دەبینین کام مەسئولی گەورەیە هەوڵ دەدات خۆی بچێت. لەکاتێکدا پێویستە خەڵکی دامودەزگاکانی خوارەوە بۆ ئەو سەفەرانە بنێرن. ئەگەر هەموو شتێك وەزیر خۆیی بیکات، ئەی دامودەزگاکانی خوارەوەمان بۆچییەوکاریان چییە؟ زۆر خۆشحالبووم کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو سەفەرەی چینی رەتکردەوەو نەرۆیشت. بریارەکەی زۆر لەشوێنی خۆیدابوو. هەقە ئیتر یاساو رێساکانی مەراسیم و پرتۆکۆل لەژیانی سیاسی رۆژانەماندا بەتەواوی پەیرەوی لیبکرێت.

* لە کوردستانی نویّ ژمارە 4003 لاپەرە 7 ڕۆژی 2006/6/25 بلاّوکراوەتەوە.

17

**ماوەیەکە مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لە تورکیا بۆتەبابەتی ڕۆژانە. هەر چەند ماوەکەی هێشتا نزیکەی ساڵێکی ماوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندیّ لە سیاسەتمەداران و میّدیاکان گفتوگۆی لەسەر دەکەن. هۆکەشی ئەوەیە هەندیّ ناوەند نایانەویّ ئەو پەڕلەمانەی ئێستا کە ئەردۆغان تیایدا بالاّدەستە سەرۆکی کۆمار هەڵبژێریّ. بۆیە داوادەکەن هەڵبژاردنی پەڕلەمان پێشبخریّ. ئەردۆغان و حکومەتەکەشی ئەو بیرو بۆچوونە ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن تا ماوەکەی خۆمان تەواو نەکەین، هەڵبژاردن پێش هاتنی کاتی خۆی ئەنجامنادەینەوە. شایانی باسە لە مێژووی تورکیاشدا تا ئێستا هیچ حکومەتێك ماوەی ئەو (5) ساڵەی تەواونەکردووە. بەلاّم ئەردۆغان سورە لەسەر ئەوەی هەڵبژاردنی پێشوەخت نەکاتەوە. چونکەکاتی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار دەکەوێتە پێش کاتی**

هەڵبژاردنی پەڕلەمان. هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆمارساڵی داهاتو ڕێکەوتی (2007/5/5)ە. هەڵبژاردنی پەڕلەمانیش (11/3/ 2007)ە. بەپێی دەستوریش پەڕلەمان سەرۆکی کۆمار بۆ ماوەی 7 حەوت ساڵ بۆ یەك دەورە هەڵدەبژێرێ. لە تورکیا سەرۆك کۆمار دەسەڵاتی زۆرە. ئەندامانی ئەنجومەنی خوێندی باڵا، ئەندامانی دادگای دەستوری، هەندێ لە ئەندامانی دادگای تەمیزو ئیستیئناف، هەموویان ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆکی کۆمارەوە دادەمەزرێن. هەروەك سەرۆکی دەزگاکانی تەلفزیۆنە حکومەییەکان لەگەڵ زۆربەی بەڕێوەبەرو بەڕێوەبەرە گشتییەکانیش کەحکومەت لە دامودەزگاکانی خۆی دایاندەمەزرێنێ، سەرۆکی کۆماریش دەبێ ڕەزامەندی خۆی لەسەریانبدا. لەناو پەڕلەمان ئێستا پارتی عەدالەت و پەرەپێدان زۆر بەهێزە، هەرکەسێکی بوێت دەتوانێ بە دەنگدان بیکاتە سەرۆکی کۆمار. ئەوەی پێشبینیش دەکرێ لە نێوان ئەردۆغان و عەبدوولە گولدا، هەرچەندە هەردووکیشیان خێزانەکانیان سەرپۆشن، بەڵام یەکێکیان دەبێتە سەرۆکی کۆمار لە هەڵبژاردنی داهاتوودا کە دەکەوێتە (2007/5/5). کۆشکی (چانکایە) تاکو ئێستا بە نوێنەرایەتی کردنی سیستەمی عەلمانیەتی تورکیا ناسراوە. بۆیە ناوەندو لایەنەکانی تر هەوڵدەدەن کەسانێك نەبنە سەرۆکی کۆمار کە خێزانەکانیان سەرپۆشبن. هەرچەندە (لە دەستوری تورکیادا ڕستەیەك نییە بڵێ، یەکێك نابێ سەرۆکی کۆماربێ کە

خێزانەکەی سەرپۆش بێ). ئەوەی هەستی پێ دەکرێ، ئەردۆغان بەهۆی سەرۆکایەتیکردنی پارتەکەیی و سەرۆکی وەزیرانی ڕەنگە خۆی نەیکات، بەڵام بە ئەگەری زۆرەوە ئەگەر خۆی نەیکات، ڕەنگە عەبدوولە گول بۆ سەرۆکی کۆمار پێشنیار بکات. چونکە گول هەم لەناو کۆمەڵگای تورکی، هەمیش لە نێو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی خۆشەویستە. لەگەڵ ناوەندەکانی تریش لە تورکیا پەیوەندیی باشە. بۆ لەباربردنی ئەو بۆچونەی ئەردۆغان، ئێستا هەوڵێکی سەرۆك کۆماری پێشوو (سلێمان دمیرێل) لە ئارادایە، بۆیەکخستنی (پارتی نیشتمانی دایك و پارتی ڕێگای ڕاست و پارتی مەهەپە کە قەومییەکانن) لەیەك پارتی سیاسیدا. بۆ ئەوەی بەهەرسێکیان پارتێکی تازە دروست بکەن تا لە هەڵبژاردنی داهاتو وەکو ئەلتەرنەتیڤێك لە بەرانبەر ئەرۆدغان بوەستن. هەر چەندە سەرکەوتنی ئەم هەوڵەش ئاسان نییە. بەڵام ئەگەر ئەوپارتە دروستبێ، ئەوا بەهەرسێ لایان دەتوانن نزیکەی لە 15%ی دەنگەکان لەهەڵبژاردن بەدەستبهێنن، ئەوکاتە نزیکەی (120) ئەندام پەرلەمانیان دەبێ. هەروەها جەهەپەی دەنیس بایکالیش ئەگەری ئەوەی هەیەئەویش (150) ئەندام پەرلەمان بەدەستبهێنێ. لەو حالەتەدا پارتی ئەدرۆغان بەڵێ وەکو بەهێزترین پارت لە هەڵبژاردنی داهاتوودادیسان دەیباتەوە. بەڵام ئەوکاتە وەکو ئێستا لە پەرلەمان بەهێز نابێت و ناچاردەبێ لەگەڵ حزبەکانی تر کوالیسۆن

بكات. ئامانجی ئەوانیش هەرئەوەیە. بۆیە ئەرۆدغان سورە لەسەر ئەوەی هەڵبژاردنی پێشوەخت نەکاتەوەو دەیەوێ خۆی یاعەبدوللە گول یەکێکیان ببێتە سەرۆکی کۆمارو ئەو پۆستەبۆ پارتەکەی خۆی مسۆگەر بکات.

* لە کوردستانی نوێ ژمارە 4009 لاپەرە 7 ڕۆژی 2006/7/2 بلاوکراوەتەوە.

18

ڕۆژانە ڕاگەیاندنی کوردی سەبارەت بەچۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك یابڵێین ماددەی (140) گفتوگۆو چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی و تەلەفزیۆنی لەگەڵ جۆراو جۆری خەڵکی کوردستان دەکات. جێگای خۆیەتی کورد مەترسی گەورەی هەبێت. کەرکووك لەڕووی نەتەوەییەوە بۆکورد وەکو ماسی و ئاو وایە. ئەگەرنا هەر شوێنێکی تری کوردستان بگری، لە کەرکوك زیاتر نەوتی تیایە. بەلاّم لە ڕاگەیاندنەکانی خۆمان ئەوەندە قسەکردنی زۆر لەو کێشەیە، خەڵکانی غەیرە کورد زیاتر بەئاگا دەهێنێتەوە. مەرجیش نییە هەموو ئەوراق وکارت و شتێکی وردو درشتی سەرکردایەتی سیاسی کورد کە لەبیرو بەرنامەیەتی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانمان بەیەکجار بە گۆڕێی وەرکەین و بەرانبەرەکانی ئەو

**کێشەیەی هەنگاو بەهەنگاو لێ ئاگادار بکەینەوە. ئەمە شەفافییەتی پێناوترێ! لە جیاتی ئەمەبا کەمتر قسە بکەین. بەڵام لە مەیدانی عەمەلیدا، لەناو ئۆرگانە حزبییەکانی خۆمان وڕێکخراوە مەدەنییەکانماندا بەهێمنی زیاتر ئیشی لەسەر بکەین! جێبەجێکردنی ماددەی (140)، تەنها بەبەرنامەی زیندووی سەر شاشەی تەلەفیزیۆنە هەواییەکانمان چارەسەر ناکرێ. بەڵکو دەبێت ئەمڕۆ ئەولەویاتی دیپلۆماسێتی کوردی بەتایبەتی، شانبەشانی ناوەوەی عێراق، ڕووی لە دەرەوەی عێراق بێ! ئەمەریکا، بەریتانیا، تورکیا، ئێران ولاتانی عەرەبی پێویستن گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێ!**

**لە لایەکی تر هەندێ شوێن هەیە وەك قەزای مەخموور، پێویست ناکات لەسەری بوەستین! خەڵکەکەی هەمووی کوردە، لە شوێنی خۆیەتی، تەنها پێویستی بەبڕیارێکی سەرۆکی وەزیرانی عێراق هەیەکە لەڕووی جوگرافییەوە بگەڕێتەوە سەر پارێزگای هەولێر. چونکەکاتی خۆشی ڕژێم هەر بەبڕیارێکی ئیداری بەنەینەوای گرێداوە. ئیدی ئەمە چکاری بە ئاسایکردنەوە؟ گێڕانەوەی خەڵکەکەی؟ سەرژمێری هەیە؟ بۆ هەمووی ببەستین بەیەکەوە! بۆ ئەو قەزاوناحیانە دوادەخەن کە پێویستیان بە ئاسایکردنەوە نییە! بۆ هەمووی دەبەستنەوە بە پارێزگای کەرکوکەوە؟**

**هەرچی مەسەلەی سنوری پارێزگای کەرکوکیشە،کەزۆر ئالۆزە، ئەمەشیان بە ڕێگای ڕاگەیاندن چارەسەر ناکرێ. چونکە**

کەسێك نییە لەناو کورد دژی ئەوە بێت و نەیەوێ کەرکوك بگەڕێتەوە سەر کوردستان. بەڵکو لایەنی هەرە گرنگ و سەرەکی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، پەیوەندی بەسیاسەتی ناوەوەو دەرەوەی سەرکردایەتی کوردوکوردستانەوە هەیە. لەناوەوە یەك هەڵوێستی ئیرادەی سیاسی کوردستانی عێراقی دەوێت، کەئەمڕۆ خۆشبەختانە سەرۆك و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانمان هەیەو لەناوخۆماندا تەباین. بۆیەسەرۆکایەتی هەرێم پێویستە بەهاوکاری لێپرسراوانی تری کورد لە بەغدا دەستبکات بە گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە و بەدواداچوونی ماددەکە لە مەیدانی عەمەلیدا! چونکە ئیش کە وتەلیژنەو لیژنەکاری جێبەجێناکرێ. بۆیە پێویستە سەرۆکایەتی هەرێم خۆی موتابەعەی ڕۆژانەی ئەوکارە بکات. لایەنە گرنگەکەی تریش بۆ جێ بەجێکردنی کێشەی پارێزگای کەرکوك لایەنی دەرەوەیە. کلیلەکەی لای وڵاتە گەورەکانە، کۆسپەکانی بۆشی دروستدەکرێ لای وڵاتانی دەوروبەرمانە. تورکیا لە چوار چێوەی بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیەوە تەماشای ئەو کێشەیە دەکات، ئیرانیش بەهەمان شێوە. هەیە بەڕوونی و ڕاستەوخۆ ڕای خۆیت پێ دەڵێت ولەدژی پڕۆژەکەی تۆ کاردەکات. هەشە ئەملاو ئەولات ماچ دەکات و بە بێدەنگیش دژی کێشەکەی تۆیە. بەرانبەرەکان بۆخۆیان لەڕێگای بەرژەوەندییە سیاسی و ئابورییەکانیانەوە سەفقاتی سیاسی وژێربەژێری

خۆیان بەدەستەوەیە. هەموو شتێکیش لـە سیاسەتدا واریدە. کوردیش کارتی گرنگی لـە دەست دایە، دەتوانی زیرەکانە بۆخۆی بەکاریبهێنی. خۆمان لـە دەرگای خەڵك نەدەین، کەس نایەت بڵێ فەرموو، ئەوە کلیلی گێڕانەوەی کەرکوکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان! کێشەی کەرکوك، پشتیوانی سیاسی ومەعنەوی نێودەوڵەتی و دەرەکی زۆری دەوێت. تەنها بەکورد ناکرێ. چونکە ئەو کێشەیە تەنها وەك کێشەیەکی ناوخۆیی عێراق نەماوە. بەڵێ بۆ بێدەنگردنی خەڵك و ئارام کردنەوەی خۆمان هەموو جارێ دەڵێین، کەرکوك شارێکی عێراقییەو لەنێو خێزانی عێراقیشدا خۆمان چارەسەری دەکەین! ئەمە لەڕووی سۆزو عاتیفەوە ڕەدفیعلەکەمانە. بەڵام ئەوە تەنها (حەچی جەرائیدە). لـە واقیعدا ڕاستییەکەی وانییە و شتێکی ترە. وڵاتان هەن لـە ئێمە بەهێزترن. بەئاشکرا نایانەوێ کەرکوك بگەڕێتەوە سەرکوردستان. بەعەمەلیش ئیشی لـە دژ دەکەن! بۆیە دەبێ ئیشی زۆری لـەسەر بکەین و دانەنیشین. سەفیری فلانە شوێن هات و ڕۆیشت، پڕۆژەی فلانە شوێن وابوو، وانەبوو. پێشوازی لـە فلانە لـێپرسراو کرا! ئەوە ئیشی ڕۆژانەی فەرمانگە تایبەتییەکانمانە. سەرۆکایەتی هەرێم، سەرکردایەتی سیاسی کورد، بەتایبەتیش پارتی و یەکێتیی پێویستیان بە ئەنجامدانی حەرەکەتێکی سیاسی و دیپلۆماسی چروپری بەهێزو زیاتر نهێنی بۆ دەوروبەرودەرەوەی وڵات هەیە! کێشەی کەرکوك زیاتر سیاسەت و

**دیپلۆماسیێتیکی نهێنی دەوێت، نەوەك هاشوهوشی ڕاگەیاندن وکێ زیاتر چی بۆ کەرکوك کردو کێ کەمتر! بڕوابکەن دەستوبرد نەکەین فەرداو پەسفەردا، ماوەکە دەڕوات، ماددەکەش وەکو خۆی دەمێنتەوە. بەداخەوە دوای ڕوخاندنی ڕژێم، دیپلۆماسیەتی کوردی نەختێ خاوبۆتەوە، بۆشاییەك دروستبوە. بە تایبەتیش لە سلکی دیپلۆماسێتی یەکێتی و پارتیدا. ئەو مەسەلـەیە دەبێت لـە داهاتوودا بیرلـە چارەسەرکردنی بکرێتەوە.**

* لـە کوردستانی نوێ ژمارە 4015 لاپەرە 7 ڕۆژی 2006/7/9 بلاوکراوەتەوە.

## 19

**سەرۆکی کۆمار لـە هەموو ولاتێ سیمبۆل و ڕەمزێکی گرنگی ولاتەکەیە، بەپێی ڕێساو دابونەریتی دیپلۆماسی و بەشی مەراسیم، دەبێ وێنەکەی لـە هەمووسەفارەت و فەرمانگەو دائیرەیەکی ڕەسمی لـە ناوەوەو دەرەوەی ولات هەڵبواسرێ. دوای ئەوەی جەنابی مامجەلال لـەدەورەی ئینتیقالی بەسەرۆکی کۆماری عێراق هەڵبژێردرا، ڕۆژێك سەفیری عێراق لـە ئەنکەرە پەیوەندی پێوەکردین و داوای وێنەیەکی مامجەلالی لێکردین کەبۆی بنێرین بۆ ئەوەی لـە سەفارەتەکەیان وێنەکەی هەڵواسن. ئێمەش وێنەیەکی جەنابی (مام**

جەلال)مان لە ئۆفیسەکەی خۆمان هەبوو، چەند دانەیەکمان بۆ چاپکردن. دوای هەڵبژاردنەوەی ئەمجارەشی بە سەرۆك كۆماری عێراق، دووبارە سەفیری عێراق چەند جارێکی تر پەیوەندی بەئۆفیسەکەی ئێمە کردەوە، هەمدیس پێی ووتین ئەگەر زەحمەت نییە، بەڵكو چەند وێنەیەکی جەنابی سەرۆك كۆمارمان بۆ پەیدا بکەن. چونکە لەڕووی پرۆتۆکۆلەوە دەبێ لە سەفارەتەکەمان وێنەی سەرۆکی کۆمار هەڵبواسین و بۆهەندێ شوێنی تریشی بنێرین، ماوەیەکی زۆریشە چاوەرێ دەکەین، کەچی تا ئێستا بۆمان نەهاتووە. لەکاتێکدا ئەوە بۆچەند مانگێ دەچێ سەرۆك كۆماری تازە بەشێوەیەکی ڕەسمی لەئەنجامی پرۆسەکی دیموکراسیدا بۆماوەی چوارساڵی داهاتوو دەستی بەکارەکانی خۆی کردووە! بەڵام تا ئێستا بەڕەسمی هیچ سەفارەتێك وێنەیەکی سەرۆکی کۆماری پێ نەگەیشتووە! ئەمجارە لەوەڵامدا پێموت جەنابی سەفیر دەتوانم چەند وێنەیەکی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانت بۆ بنێرم. بەڵام وێنەی سەرۆك كۆمار بەپێی پرۆتۆکۆل و مەراسیم لای بەندە دەست ناکەوێ. چونکە ئەمە دەبێ بەشێوەیەکی تایبەتی چاپبکرێت و ناوی سەرۆك كۆماری لەسەر بنوسرێت وبە ژمارەیەکی زۆرەوەش بۆ هەموو سەفارەت و دامودەزگاکانی حکومی ناوەوەو دەرەوەی عێراقیش ڕەوانە بکرێت. جەنابیشتان لەم بارەیەوە لە ئێمە زیاتر شارەزای ئەم دابونەریتەن. بۆ یە بەشی مەراسیم لەسەرۆکایەتی

کۆمار، لەگەڵ بەشی مەراسیم لە وەزارەتی دەرەوە ی عێراق پێویستە هاوکاری یەکتری بکەن و هەڵسن بە ئەنجامدانی ئەوکارە، بەتایبەتیش کە ئەمجارەسەرۆك کۆمار بۆ ماوەی چوار ساڵ بەڕەسمی هەڵبژێردراوەتەوە. بۆیە واچاکە جەنابتان لەڕێگای قەنەواتی ڕەسمی خۆتانەوە داوای وێنەی ڕەسمی سەرۆکی کۆمار بکەن. ئەوەندەی منیش لەنزیکەوە جەنابی مامجەلال بناسم هەر ڕقی لەوێنە هەڵواسین و ئەمجۆرە شتانەیە. هەرجارێکیش حالەتی وا لەناو یەکێتیی نیشتمانیش هاتبێتە پێشەوە، هەمیشە دژی وەستاوەو وتویەتی نامەوێ وێنەم هەڵواسن، لەدوای منیش کەیفی خۆتانە. بەڵێ هەمووومان دەزانین جەنابی مامجەلال کەسایەتییەکی سیاسی گەورەو دیپلۆماتێکی خاکییە. ئەم شتانەشی بەلاوە گرنگ نییەو پێویستیشی پێی نییە. بەڵام سەرۆکی کۆمار، سەرۆکی کۆمەڵانی خەڵکی عێراقە، سیمبۆلی وڵاتەکەمانە، هەموو سەرۆك کۆمارێکیش لەدونیا وێنەی هەڵدەواسرێت. هەروەك وێنەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش پێویستە لەهەموو فەرمانگەو دائیرەیەك هەڵبواسرێت. سەرۆك کۆمار ئەمڕۆ جەنابی مامجەلالە، ڕەنگە بەیانی جەنابی کاك مەسعود یاسەماحەتی عەبدولعوزیز یاهەرکەسایەتییەکی سیاسی تر بێ. دەی لە کوردستانەکەی خۆمان قەیدی ناکا لەهەندێ ناوچە وێنەکەی هەڵناواسرێ و لەبەرمەترسی دروستبونی ململانێ و گیروگرفت بێدەنگین. لە کاتێکدا پێویستە وێنەی سەرۆکی کۆمار لە هەموو

فەرمانگەو دائیرەیەکی ڕەسمی بێ قەیدوشەرت هەڵبواسرێ. کەهەلیش ناواسرێ تێدەگەین مەسەلە کەچییە! بەڵام خۆ سەفارەتەکانی عێراقی لەدەرەوە نوێنەرایەتی عێراق دەکەن! ڕەمزی وولاتەکەمانن! ئەوان بۆ بە ڕەسمی تا ئێستا بۆیان ڕەوان نەکراوە؟ ئەوەتا سەفیرەکان خۆیان داوای وێنەی سەرۆکی کۆمار دەکەن! لە هەموو ولاتێکیش لە ڕووی مەراسیم و پرۆتۆکۆلەوە پێویستە وێنەی ڕەسمی سەرۆك کۆمار، هەرکەسێك بێ لە سەفارەتەکان هەڵبواسرێ. باشە کەمتەرخەمییەکە دەبێ لەکوێ بێ! بەشی مەڕاسیمی سەرۆکایەتی کۆمار، وەزارەتی دەرەوە. بڕواناکەم، وەزیرەکە کوردەو سەرۆك کۆماریش زۆر پشتیوانی کردووە! ئەی ئەگەر وەزیرەکە عەرەب بوایە، ئەوکات دەبوو چۆن بێ! نەخێر ڕەنگە حیسابی ئەوەمان نەکردبێ کە دونیای ئەمڕۆ دونیای نوێیە. واتە دونیای نوێ، عێراقی نوێ، حکومەتی نوێ، دیپلۆماسێتی نوێ. بۆیە هەڵنەواسینی وێنەی سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراوی نوێش دەکەوێتە ناو چوارچێوەی سیستمی عێراقی نوێوە. لە بەر ئەوە وادیارە لە عێراقی نوێشدا پێویست ناکات وێنەی سەرۆك کۆمار هەڵبواسرێ. بەڵام وێنەی کۆچکردووەکان ئاساییە!

* لـه کوردستانی نویّ ژماره 4021 لاپەره 7 ڕۆژی 2006/7/16 بلاّوکراوەتەوە.

# 20

**هەموو باس لـه دروستکردنی دامودەزگای حکومەتی و نیزامی موئەسەساتی دەکەین. دەڵێین دەبی حزبەکان، ڕاگەیاندنەکان پشتیوانی لـه حکومەت بکەن. دەستنەخەینە ناو کاروباری حکومەت. بەڵیّ هەموو ئەم شتانە ڕاوو بۆچوونی ڕاست و دروستن. بەڵیّ ئەگەر بمانەویّ بەکردەوە حکومەتەکەمان بکەینە حکومەتێکی مەدەنی، دەبی هەمووئەم شتانەش لـه مەیدانی عەمەلیدا جیّبەجیّ بکەین. بەلاّم چۆن**

نیزامی موئەسەساتی بەم شێوەیە دروست دەکرێ! کاتێ تەماشای دەنگو باسی تەلەفیزۆنەکانمان بکەین، دەبینین چۆن باسی نیشات و چالاکی لێپرسراوەکانی کۆمیتەو ناوچەو لق و مەڵبەندەکانمان دەکات. هەر لە دابەشکردنی مۆلیدە، جلو بەرگی وەرزشی، دابەشکردنی ساردکەرەوە، کرنەوەی مزگەوت و نەخۆشخانە و شتی تریش. لە کاتێکدا هەموو ئەم شتانەش هی حکومەتن و بەپارەی حکومەتیشکراون یا لە حکومەت وەرگیراون! باشە ئەم کەلو پەلانە بۆ نادەینەوە بەڕێوەبەری شارەوانییەکان خۆیان! یا بەڕێوەبەری ناحیەکان خۆیان! قائیمقامەکە خۆی! یا پارێزگارە کە خۆی! با ئەوان خۆیان دابەشی بکەن! چونکە ئیشی ئەوانە، کاری خۆیانە. ئاوەها نیزامی موئەسەساتی دروست دەکەین! خۆ بەڕێوەبەری شارەوانییەکەش، ناحیەکەش، قائیمقامەکەش، پارێزگارەکەش، هەموویان هەرئەندامی یەکێتین یا پارتین، تاك تاکیش حزبەکانی تر. با ئەوان خۆیان حزمەتی ناوچەکانی خۆیان بکەن! بۆ دەستدەخەینە ناوئیش وکارەکانیان! بڕوابکەن ئەم شێوە کارکردنە زیاتر دەبێتە هۆی دروستبوونی ململانێ لە نێوان حزبەکان. یا هەندێ جار دەبینین پارێزگار یا بەڕێوەبەری شارەوانی، پڕۆژەیەك تەواو بووە، دەڕوات دەبێ بیکاتەوە. تەماشادەکەین شریتێکی 3مەتری ئەوسەر ئەمسەری گیراوە، پێنج کەسیش مقەسی بەدەستەوەیە. پارێزگار مقەسێکی پێیە، بەڕێوەبەری شارەوانی، لێپرسراوی مەڵبەند، چونکە

حكومەتەكەشمان بۆتەوە یەك لێپرسراوی لقیش مقەسێكی پێیە. جاروباریش كەسوكاری شەهیدێك دێنن، ئەویش مقەسێكی پێیە. ئەوشریتە هەژارە لە جیاتی دووپارچە دەكرێتە پێنج پارچە! باشە بەم شێوە كاركردنە، ئەو پارێزگارە یائەو قائیمقامە یا ئەو بەرێوەری ناحیەیە یا شارەوانییە، چۆن دەتوانێ ببێتە خاوەنی كەسایەتی مەعنەوی خۆی؟ چۆن هەیبەتی بۆ دروست دەبێ؟ كە ئەگەر هەمیشە لە حزب بترسێ، بەوەی كە دەبێ ئاگاداری لێپرسراوی مەڵبەند یا لێپرسراوی لق بێ‌و ڕازییان بكات! بەڕاستی حزب هەقە خەریكی كاری ڕێكخستن و حزبایەتی خۆی بێ، حكومەتیش حكومەتاتی خۆی بكات. وەزیرێك، لێپرسراوێكی حكومەت لەكارەكەیدا لەناو جەماوەر ئەدائی باشی نەبوو، پێویستە حزبەكەی زوو بانگی بكات و ئاگاداری بكاتەوە. بەهێواشی پێی بڵێ كاكە لە سنوری فلانە ناحیە یافلانە ناوچە، جەماوەر لەكارەكانت ڕازی نییە. بەشێوەیەكیش پێی بڵێ كە بۆ چارەسەركردنی كێشەكەبێ، نەوەك بۆ شكاندنی! ئێمە دەبێ ئیش و كاری نێوان حزب و حكومەتەكەی خۆمان بەحزب و حكومەتی دەوروبەرەكانی خۆمان بەراورد بكەین. پێنج ساڵ زیاترە، لەتوركیا و پێشتریش نزیكەی سێ ساڵ لە ئێران نوێنەر بووم، نەمبینیوە ڕۆژێك لە ڕۆژان لێپرسراوێكی حزبی لەدێیەك، لە ناحییەیەك، لە قەزایەك، لە پارێزگایەك بڕوات ئیفتیتاحییەی شتێ بكات! یا كەلو پەلو دیاری ببەخشێتەوە و لە تەلەفزیۆنەكانیش

**بلاوی بکاتەوە. چونکە ئەم ئیش و کارانە، بەڕاستی ئیش وکاری حکومەتن وهەقە حکومەت خۆشی خەدەماتی خۆی پێشکەش بە هاولاتیانی خۆی بکات. ئەگەر شوێنێك قوتابخانە یا گۆڕەپانی یاری یا هەرشتێکی تری پێویستە. هەقی خۆیەتی حزب لە ڕێگای قەنەواتی ڕەسمی خۆیەوە پەیوەندیی بە حکومەت بکات و پێشنیاری دروستکردنی بکات. ئەوکاتەش ململانێی نێوان ئەم حزب و ئەوحزبیش دروست نابێ! تا لێپرسراوانی حزبی ئیشی حکومەت بکەن، نیزامی موئەسەساتی لە کوردستان دروست نابێ! پێشینان باشیان فەرمووە: نان بۆنانەوا گۆشت بۆ قەساب.**

* لە کوردستانی نوێ ژمارە 4027 لاپەرە 7 ڕۆژی 2006/7/23 بلاوکراوەتەوە.

## 21

**ڕۆژانە دەبینین، عێراق پشێویی و ئالۆزیی یەکجار زۆری بەخۆیەوە گرتووە. هۆیەکەشی هەر ئەوەنییە کە جۆرەها چین و توێژی جوارو جۆی تێدایە. بەڵکو هەرلەسەرەتای دروستکردنی دەوڵەتی عێراقەوە، هەم لە ڕووی جوگرافییەوە هەمیش لەڕوی ئێتنیکییەوە بەزۆر بەیەکەوە لکێنراوەو بە ناکاملی لەدایك بووە.**

تەنانەت وەك دەوڵەتێکی ئاسایی دروست نەبووە. بەڵکو بەهێزو بە پێچەوانەی ویست و خواستی گەلی کورد وپێکهاتەکانی تری بەیەکەوە لکێنراوە. لە دوای ڕوخاندنی ڕژێمیش ئاسۆیەکی تازە بەتایبەتی بۆ گەلەکەمان هاتە دی. بەڵام ئێستا ڕۆژانە دەبینین ڕۆژ بە ڕۆژ کێشەو گیروگرفتە سیاسیەکان لە عێراقدا زیاتر توندتر دەبێ. ئەو ململانێ سیاسییەی هەیە ئالۆزتر دەبێ. بە تایبەتیش بە داخەوە لە نێوان برا شیعەو سونەکان. لە لایەکی تریش شەڕی تێرۆریستان لەدژی گەلی عێراقی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قێزەونتر دەبێ وبەردەوامە. تێرۆریستان، ئاژاوە گێڕان، ڕۆژانە خەریکی تەقینەوە، کوشتن، برین، دروستکردنی پشێویی ومایەی خوێن ڕشتنن لە عێراقی نوێدا. هەروەك ململانێی بەرژەوەندییە بالاکانی ولاتانی گەورە لە عێراقدا، ولاتانی هاوسێ کە هەر یەکە تەماشای بەرژەوەندییە بالاکانی ولات و چین و توێژەکانی خۆیان دەکەن. ئەو کێشە و گیروگرفتانەش تادێن بە دەستێوەردان توندتر دەبن. هەر چەندە ئیرادەی سیاسی لایەنە سیاسییەکانی عێراق وهاوپەیمانانیش لە هەوڵی کۆنترۆلکردنی بارودۆخەکەن. بەڵام هێشتا نەتوانراوە بەتەواوی کێشەکان بنەبڕبکرێت. واقیعی ڕۆژانەش دەریخستووە ئاشتی، برایەتی، هێمنی و ئەو دیموکراسییەی کە گەلی عێراقی چاوەڕێی دەکرد، بەم مەرجانەی ئێستا، کەلە عێراق لە ئارادایە، نایەتە دی و بە ئاسانی جێگیر نابێ. چونکە زۆر ناوەند هەن کێشەکان ئالۆزتر دەکەن. لە بەرژەوەندیشیان نییە ئەمڕۆ عێراقێکی دیموکرات و فیدرال بەتەواوی جێگیر ودروستبێت. بۆیە هەستدەکرێ عێراقی ئەمڕۆ زیاتر ڕوو لە

لێکترازانە لە ڕووی جوگرافییەوە. قۆناغی یەکەم بەسەر چەند هەرێمێکی فیدراڵ. پاشانیش بەسەر سێ دەوڵەتی سەربەخۆی، کوردستان و ناوەڕاست و باشور. چونکە تەنها ئەم جۆرە سیستمە دەتوانێ ئەمن و ئاسایش بۆ ناوچەکە بگێڕێتەوە، وڵاتیش لە ڕووی ئابوری ببوژێنێتەوە، عێراقییەکانیش لەو کوشتن و بڕینەی ئێستا ڕزگار بکات، بەجۆرێك کە بەرژوەندییە باڵاکانی هەموو لایەکیشی بەتەواوی تێدا مسۆگەر بێت. ئەگەر تاقی کردنەوەی یەکێتی سۆڤییەت، تاقیکردنەوەی یۆغسلافیا، بهێنینەوە بەرچاوی خۆمان، بینیمان کە تا ئەو وڵاتانە سەربەستی خۆیان ڕانەگەیاند، هێمنی، ئارامی و ئابورییەکی باش نەگەڕایەوە بۆ وڵاتەکانیان. کوردستانی خۆشمان ئەمڕۆ باشترین نموونەیە، ئەو هێمنی و ئاسایشەی کە لە کوردستانی عێراقدا هەیە! هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کورد خۆی ئیدارەی خۆی دەکات. پێچەوانەی ئەمە، بەمشێوەو پێکهاتەیەی ئێستای عێراق، دروستبوونی ئاشتی و ئارامی کارێکی یەکجار قورسە. لە مێژووشدا میللەتانی ناوچەکە، زوڵمیان لە کورد کردووە. لەبەر چاومانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاك وئێستا هەرسێ نەتەوەی عەرەب، تورك و فارس لەسەر بنچینەی ئێتنیکی وقەومی هەریەکە دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی دروست کردووە. بە تەنها عەرەب (21) دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەیە. دەوڵەتی فەلەستینیش بەڕێوەیە. جولەکەش دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەیە. ئیتر بۆ دەبێ حەرام بێ و کوفر بێ لە کورد و چاوی لێسور بکرێتەوە،کاتێ باسی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی

**بکات لە کوردستانی عێراق! بەڕاستی کاتی ئەوەش هاتوە برا عەرەب و تورك و فارسەکان ئەو ڕاستییە ببینن کە ئەوەی بۆخۆیان ڕەوا یە، پێویستە بە کوردیشی ڕەوا ببینن. ئەوانیش ڕابردوو بهێننەوە بەرچاوی خۆیان. ئەو ڕاستییانەش ببینن کە ناکرێ هەتا هەتایە کورد هەر بە زۆر بە میللەتانی ترەوە لەحیم بکرێ. ئێمەش میللەتێکین، خاسییەت و خسوسییەتی خۆمان هەیە. چۆن ئەوان مافی ئەوەیان هەیە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێ، کوردیش بە هەمان شێوە مافی خۆیەتی بە دەنگی بەرز داوای دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی بکات لە کوردستانی عێراق. ئەگەر زیرەکانە کار بکەین بارودۆخەکە بەرەو ئەم ئاواتە دەڕوات!**

* لە کوردستانی نوێ ژمارە 4033 لاپەرە 7 ڕۆژی 2006/7/30 بلاوکراوەتەوە.

## 22

**کێشە سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەتایبەتیش وڵاتانی عەرەبی ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو ئاڵۆزی و ناخۆشی وتوندو تیژی زیاتر دەڕوات. ئاستەنگی تازەو**

**گەورەیان بۆ پەیدا دەبێت. ئەم ململانێیەش بۆ نەبونی سیستمی دیموکراسی دەگەڕێتەوە، خراپی باری ئابوری، برسیبونی مرۆڤی ئەم وڵاتانە و دروستبوونی دووچین یەکیان هەژاروبرسی، ئەویتریش دەولەمەند وتێر. ناعەدالەتیەکە بە ڕادەیەك گەورەیە، کەم کەس هەیە، بتوانێ لە ئاستیدا بێدەنگ بوەستێ. هەروەك فراوانی نەزانی و نەخوێندەواری، پشتگوێ خستنی گەلەکانیان لەڕووی زانست و زانیارییەوە. لە کاتێکیشدا زۆربەی سەرکردەی پارت و ئەو لایەنانەی کەئەمڕۆ جلەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، خۆیان بە دیموکرات دەزانن. تەنانەت ئیدیعای سیستمی عەلمانیش دەکەن. بەڵام لەمەیدانی عەمەلیدا هەنگاوێکی جدییان نەهاوێشتوە بۆ ئەوەی پرۆسەی دیموکراسی، نیزامی موئەسەساتی، دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت لە حوکمرانیکردندا پەیڕەو بکەن. بگرە زیاتر خەریکی دروستکردنی مزگەوت و گرنیگدانن بەکڕینی چەك وتەقەمەنی. ئەوەش بۆترساندنی گەلەکانیان و مانەوەیان لە دەسەڵاتدا. بەپێچەوانەوە ئەوانەی ئەمڕۆ بەناوی مقاوەمەت دێن لە عێراق خۆیان دەتەقێننەوە. سەری مرۆڤ بەزیندویەتی دەبرن. ئەمانە هەموویان پەروەردەی دەستی ئەو سیستمە دوا کەوتوانەن، کەساڵەهای ساڵە گەلانی ناوچەکە بەدەستیانەوە دەناڵێنین. سەربڕینی ئینسان لەسەدەی نوێدا،لە سەردەمی تەکنەلۆجیای تازەو عەولەمە دا. قێزە وترین سیفەتە.**

دواکەوتووترین پلەی جەهالەتە. کەچی لەپشتی پەردەوە هەندێ سیستمی دواکەوتوو، یارمەتی ئەو تیرۆریستانە دەدەن. لەجیاتی ئەوەی هەوڵبدەن، خەڵکەی خۆیان بەبیرو ڕای ئینسانی، خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ گۆشبکەن، کەچی ڕۆژانە ئەو قەسابخانەیە دەبینین کەلەبەغداو کەرکوك ڕوودەدەن. زۆربەی ئەم کارانەش لەژێر ناوی (پیرۆزی ئیسلام) و جیهادەوە ئەنجامدەدرێن. گوایە لەدژی ئەمەریکا دەجەنگن. لەکاتیکدا ئەگەر پارەو پولی ئەمەریکانەبێ! ئەگەر بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا نەبێ! ئەوانە ناتوانن، تەنانەت ڕۆژێکیش لە دەسەڵات بمینێنەوە. هەمیشە ترس لەدڵی ئینسان بلاودەکەنەوە. ئاگایان تەنها لەگیرفانی خۆیانە. نازانن گەنجی ئەمڕۆ ژیان وگوزەرانی خۆشتری دەوێ. تەکنەلۆجیای سەردەمی پێویستە. دەیەوێت بگاتە ئاستی ژیان و گوزەرانی گەنجانی وڵاتانیتر. کەچی بەتەواوی فەرمۆشیان کردووە وگەنجێ برسی بێ، سەربەست نەبێ،نەتوانێ ئازادانە بیروڕای خۆی دەربڕێ، دوارۆژی نەبینێ. لەتاو خۆی پەنا دەباتە بەرتوندو تیژی. تیرۆریستانی نێودەوڵەتیش ئەو کەموکوڕیانە ئیستیغلال دەکەن. گەر بەراوردێکی بچوك لەنێوان سیستمی حوکمرانی وڵاتانی عەرەبی و تورکیا بکەین. دەبینین تورکیا وڵاتێکە، لەسەدا 99٪ی دانیشتوانەکەی بەناسنامە موسڵمانە. بەڵام هەم وڵاتێکی مودێرنە هەمیش موسڵمان. سیستمی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی، سیستمێکی عەلمانییە. ڕۆژبەڕۆژیش

حکومەتەکەی لەخەمی ئەوەدایە چۆن ولاتەکەی لەکولتوری ولاتانی ڕۆژئاوایی و غەیرە موسڵمان نزیکباتەوە. هەروەك بەکردەوەش کار بۆ ئەوە دەکات. کاتێ ئەرۆدغان و پارتی عەدالەت و تەنمیە هەڵبژاردنیان بردەوە،چاودێران ئەندێشەیەکی زۆریان بۆدروست بوو، بەوەی گوایە ئەو پارتە بنچینەیەکی دینی هەیەو لەداهاتوودا کێشە بۆ سیستمی عەلمانی تورکیا دروستدەکات. کەچی بەپێچەوانەوە حکومەت کاروباری دین و دەوڵەت تێکەڵاوی یەکترناکات و لێکی جیاکردوونەتەوە. هەوڵدەدات سیستمەکەی بۆ پێشەوەگەشەپێبدات، دەیەوێ جیاوازی بۆچون ولێکدانەوەکانی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کەمتر بکاتەوە، لەگەڵ خێزانی نێو دەوڵەتی زیاتر پەیوەندی دروستدەکات. ئەگەربۆیبکرێ دەبێتە ئەندام لەیەکێتی ئەوروپا. لەگەڵ ئەوەشدا پارتی دەسەلات پارتێکی بەبنچینە دینییە. بەلام خۆیان دەڵێن ئێمە حزبێکی ئیسلامی نین و کاروباری دەوڵەتیش تێکەڵاوی دین ناکەن. ئەگەر لەبیری خۆشیان ئەوەیان بوێت، کۆمەڵگای تورکی کە کۆمەڵگایەکی موسڵمانیشە ئەمەیان لێ قەبول ناکات. بەیانی حکومەت کێشەیەك بۆ سیستمی عەلمانی تورکیا دروست بکات! میللەت لە هەڵبژاردن دەنگی پێنادت و دەسەلاتی لێدەسێنێتەوە. چونکە نیزامێکی موئەسەساتییان هەیە. بۆیە تورکیای ئەمڕۆ باشترین نموونەیە لە ڕووی سیستمی حوکمڕانییەوە لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. بەتایبەتیش بۆ ولاتە عەرەبییەکان. ئیتر کاتی

**ئەوە هاتوە ئێمەی کوردیش هەربەقسە بەخۆمان نەڵێین ئێمە عەلمانیین و تەواو. دەبێ بەکردەوەش لانیکەم لەکوردستانی عێراقدا کار بۆ دروستکردنی ئەو جۆرە سیستمە بکەین.**

* لە کوردستانی نوێ ژمارە 4039 لاپەرە 7 ڕۆژی 2006/8/6 بلاوکراوەتەوە.

23

**لە سەردەمی بەرەی کوردستانییەوە تا ئەمڕۆ، ئەو پارەو ئیمکانیاتەی دەستمانکەوتبێت. بڕێکی باشمان لە بواری ئاوەدان**

کردنەوەی کوردستان سەرفکردووە. هەرلەنۆژەنکردنەوەی ڕێگاو بان، دروستکردنی پرد، ساختومانی گەورە، دروستکردنی قوتابخانە، نەخۆشخانە، ئاوەدانکردنەوەی دێهات وزۆر شتی تر. لەبەرانبەریشدا فەرامۆشی دروستکردنی کارگەی بەرهەمهێن و ئابورییەکی سەر بەخۆی خۆمان کردووە. بەجۆرێك کە نەبەستڕێینەوە بەشوێنی تر. بەتایبەتیش ڕۆژانە پێویستیمان بە ووزەی کارەبا، نەوت، بەنزین و گازو مادەکانی تر هەیە. لێرە بەدواوە هەقەچیتر جاریٚ پارە لەبواری ئاوەدانکردنەوە سەرف نەکەین و پرۆژەی تازە نەخەینە بەردەستی بەلێندەران. هاولاتی خانوی (6) شەش نهۆم و زیاتری بۆچییە، ئەگەرکارەبای نەبێت مەسعەدی ساختومانەکەی کارپیٚ بکات! ئەو هەموو ڕێگاوبان وپردەی بۆچییە، ئەگەر بەنزینی نەبێت لە ئۆتۆمبێلەکەی بکات! ئاگادارین لەوماوەیەدا کێشەی هاولاتیانی کوردستان بەتایبەتی دەربارەی ئاو کارەباو نەوت و بەنزین یەکجار زۆر بووە. ئەوە هەموو لایەکمانی نیگەرانکردووە و تێگەیشتین کە ژمارەی دانیشتوان زیادی کردووە. خەلکیش وزەی کارەبای زیاتر پێویستە. ئیتر دەبیٚ بیر لە پەیداکردنی سەرچاوەی تر بۆهێنانەبەرهەمی وزەی کارەبا بکەینەوە. لەوڕۆژانەداهەندیٚ پرسیارم لەخەلکانی شارەزا کرد کە چۆن ئەمڕۆ بەپەلە بتوانین لەئەزمەی نەبوونی کارەبا جاریٚ بەشێوەیەکی سەرەتایی و هاسان کەمێك میلـلەتەکەمان لەو ئەزمەیە دەربازبکەین. لەوەلامدا وتیان دەتوانن،

لەباتی محەتەیەك چەند محەتەیەك دابنێن کەبەنەوتی ڕەش کاردەکات بۆ ئەوەی ئەوەندە ئیعتیمادی خۆمان نەخەینە سەرباران بارین و ئاوی دەریاچەکانمان. دیارە ڕێگا زۆر هەیە بۆ پەیداکردنی وزەی کارەبا. بەڵام لەهەموویان ئاسانتر بۆ ئەمڕۆ دەڵێن دەتوانن محتەیەکی دەستی دووبکرن کەزۆر گران نییەو دایبنێن. ئەو محەتەیە ماوەی شەشە مانگی پێویستە تا دادەمەزرێت ودەستبەکاردەکات. دەوری (10) ملیۆن دۆلارپارەی پێویستە. ڕۆژانەش (100) میگاوات کارەباتان دەداتێ. ئەگەر ئەو بڕە کارەبایەش کەمە، لەباتی محەتەیەك دەتوانین چەند محەتەیەك دابنێین. بۆ ئەنجامدانی ئەوکارەش کۆمپانیاکانی تورکی هەندێکیان ئامادەن بەهاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا کوردییەکان لەوبوارەدا بەیەکەوە کاربکەن. محەتەکەش ( Pawer Stations (fueled by heavydiesel کە بەنەوتی قورس کاردەکات و وزەی کارەبات دەداتێ. ئەو سەرچاوەیە لە تورکیا بۆ پەیداکردنی ووزەی کارەبا زۆر بە کاردەهێنن. لە کوردستانی عێراق لێرە بەدواوە زیاتر پێویستمان بە دروستکردنی بازارێکی سەربەخۆ هەیە. پێویستمان بەدەرهێنانی نەوت هەیە. نابێ چاومان هەر لەبەغدا بێت. ئەگەر وەزعەکە بەیانی ئاڵۆز بوو! ئەگەرهەمووشتێك لێکترازا! ئیتر پارە لەکوێ دەهێنین؟ نابێ لە ئێستاوە هەندێ ئەساسی ئابوری گرنگ بۆخۆمان دروست بکەین ودانێین، تا سبەی ڕۆژێ لەسەر پای خۆمان بوەستین! هەرچی هەمانە بۆ بیخەینە ناو دروستکردنی بیناو بەردو و

قورِو خشتەوە. یەکێ لەلێکدانەوەو سیناریۆکانی کە ئەمرِۆ هەیە، لێکترازانی ولاتەکەمانە و رِۆیشتنی کوردستانی عێراقە بەرەوسەربەخۆیی و ئاواتی دێرینەمان. بەئاشکرا هەمورِۆژێ لەدونیا لەسەری دەنوسرێت. رِوونە ئەم بابەتە دژایەتیکردنی زۆرە. بەلاَم چالاکی دیپلۆماسییەتی کوردی و حەرەکە کردن بۆی دەتوانێ زۆر شت بگۆرِێت. بەداخەوە لەدوای رِوخانی رِژێمەوە کورد لەرِووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە دەرەوەی ئیهمال کردووە. هاوسێکان دەتوانن لەگەلَ دەولَەتی داهاتوی کوردستان هاوسێ و دۆستی باش بن و هاوکاریی زۆر باشی بکەن. چونکە بەبێ ئەوان کارەکە زۆر قورس دەبێت. هەرچەندە هیچ شتێکیش موستەحیل نییە. هەروەك دەتوانن زۆر بەتوندی لەدژی بوەستن. بەلاَم لەهەردوو حالەتەکەدا بۆ ولاَتە هاوسێکانیش زۆر گرنگ دەبێت، دۆستایەتی وبرایەتی لەگەلَ کوردستانی عێراق قبول بکەن ولە ئێستاوەپەیوەندییەکانیان لەگەلَیدا بەهێزبکەن و بۆخۆیان کوردستانی عێراق بکەنە بازارێکی گەورە بەتایبەتی کە کوردستان خاوەنی سەروەت و سامانێکی نەوتی گەورەیە. هەروەها ئیستیقراو ئاشتیش لەکوردستانی عێراق ئاشتی و خۆشی هەموو ناوچەکە دەگەیەنێ. بە ئەکیدی برا هاوسێکانمان یارمەتیمان نەکەن ژیانی کوردستانی عێراق ئەوکاتە زۆر زەحمەت دەبێ. پێچەوانەکەشی رِاستە. ئەگەر ئاشتی لە عێراق و کوردستانی عێراقیش نەبێ و ولاَتەکەمان بەرەو لێکترازان بچێ وبرِوا ئەوا

**دەوروبەریشمان گیرو گرفتی زۆریان دەبێت. بۆیە هیچ ئەلتەرنەتیڤێکی ترنییە، کوردستانی عێراق سەربەخۆ دەبێ. کوردیش دەیەوێت لەگەڵ نەتەوەکانی تری ناوچەکە برایانە بژی و پاسەپۆرتی کوردستانیش لەگیرفانماندا بێت. هەروەکو ئەوانیش پاسەپۆرتی خۆیان هەیە.**

* لە کوردستانی نوێ ژمارە 4045 لاپەرە 7 رۆژی 2006/8/13 بلاوکراوەتەوە.

24

ئەمڕۆ کێشەی نەوت و بەنزین بۆ هەموو هاولاتیانی کوردستان بۆتە کێشەیەکی گەورە. بە پێویستی دەزانم هەندێ شتی گرنگ بۆکۆمەلانی خەلکی کوردستان ڕونبکەمەوە تا بەهەلە لەمەسەلەکان نەگەن و وانەزانن کەئەمە مەبەستێکی سیاسی لەپشتەوەیە. بەڕای بەندە دەبوایە وەزارەتی (نەوت و شەریکەی سۆمۆ)ی عێراقی هەرزوو ڕاستییەکانیان بۆ میللەت ڕونبکردبایەوە. بەتایبەتیش بۆ کۆمەلانی خەلکی کوردستان! ڕاستی کێشەی نەوت و بەنزین ئەمەیە :

1- هەموودەزانین تورکیا نەوتی خاوی نییە. ئەگەر هەشیبێت کەمی هەیە. بۆیە لەولاتانی جۆراوجۆری دونیا نەوتی خاو دەکڕێت. لە ناو ئەو ولاتانەش هەندێ جار لەعێراق دەکڕێت.

2- کۆمپانیا تورکییەکان (شەریکاتی ئەهلین) ونەوتی خاو دەکڕن و دەیهێنن لەپالاوگەکانی خۆیان کۆی دەکەنەوە و پاشان دەیپالێون، بەنزین و موشتەقاتەکانی تری لێ دروست دەکەن لە دوایدا لەبازاڕی دونیا بەقازانج دەیفرۆشنەئەو ولاتانەی کەپێویستیان پێی هەیە. سوبحانەللا عێراقیش ئەمڕۆ یەکێکە لەو ولاتانەی کەنەوت وبەنزین وغاز لەتورکیا دەکڕێت.

3- شەریکاتی تورکی بۆ کڕینی نەوتی خاو لەولاتانی تر. خۆیان قەرز لەبانکەکانی تورکیا وەردەگرن. لەبەرانبەریشدا دەبێ

فائیز بدەنە بانکەکانیان. ئەو شەریکاتانە هەریەکە دەسمایەیەکی دیاری کراوییان هەیە. کاتێ کەبرێك دەفرۆشن هەر ماوەیەکی کورت دەتوانن لەسەر بەرانبەرەکەیان ڕابوەستن! چونکە دەستمایەی زۆریان نییە تابڕۆن دیسان نەوتی خاو بکڕنەوە و ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ بکەن تا قەرزەکانیان وەردەگرنەوە.

4– ماوەی دووساڵ ونیویشە بەهۆی لەکارکەوتن و پەککەوتنی پاڵاوتەنەوتییەکانی عێراق، وەزارەتی نەوتی عێراق لەڕێگای شەریکەی سۆمۆ کەشەریکەیەکی سەربەوەزارەتی نەوتی عێراقە، بەنزین و نەوت و غازو موشتەقاتەکانی تر لەتورکیا دەکڕێت. ئەو شەریکەیە(سۆمۆ) کورتکراوەی ناوی (شەریکەی تەسویقی مونتەجاتی نەوتی عێراق)ییە. گرنگ لێرە ئەوەیە، ئەو ئیشە حکومەتی تورکیا وەکو حکومەت خۆی نایکات. بەڵکو کۆمپانیا ئەهلییەکانی تورکی کە شەریکاتی سەربەخۆن لەگەڵ شەریکەی (سۆمۆ) ئەو کڕین و فرۆشتنە بەیەکەوە ئەنجام دەدەن. لەبەرئەوە هەرکاتێ کێشەیەك دروست بێت کێشەی سیاسی نێوان حکومەتی تورکیاو حکومەتی عێراق نییە نابێ بشکرێتە کێشەیەکی سیاسی، بەڵکو کێشەی نێوان کۆمپانیاکانی هەردوولایە!

لەبەرچی ئەوشەریکاتانە ئەمڕۆ نەوت و بەنزین و موشتەقاتەکانی تر بۆعێراق نانێرن ؟ وەڵامەکەی بەڕاستی و دروستی و بێ پێچ و پەنا ئەمەی خوارەوەیە :

1- شەریکەی (سۆمۆ) ئێستا قەرزێکی زۆری لەسەر کۆبۆتەوە کەدەگاتە هەشت سەد ملیۆن تایەك ملیارد دۆلاری ئەمەریکی. کۆمپانیاکانی تورکی دەڵێن پارەکەمان نەدەنیٚ، چیتر ناتوانین نەوتی خاو لەولآتانی تر بکڕین و بۆتان بپاڵێوین و بۆتان بنێرین، چونکە خۆمان بەڕاستی پارەمان نییە.

2- شەریکەی (سۆمۆ) سیقەو باوەڕی خۆی لای شەریکاتی تورکی بەتەواوی دۆڕاندووە.

بۆ ئەوەی کۆمپانیای (سۆمۆ)ش جارێکی تر لای شەریکاتی تورکی سیقەو باوەڕبۆ خۆی وەربگرێتەوە پێش شەشە مانگ وەفدێکیان هات بۆ ئەنکەرە :

1- لە 2006/2/11ی ئەمساڵ وەفدێکی باڵاٚ (وەزارەتی نەوت ودارایی عێراق) لەگەڵ بەڕێوەبەرو هەموو لێپرسراوە گەورەکانی تری شەریکەی (سۆمۆ) بۆ گفتوگۆکردن و چارە سەرکردنی کێشەکانی نێوانیان گەیشتنە ئەنکەرە.

2- وەفدی عێراق لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی وزەی تورکیا پاش بینەو بەردەو گیروگرفتێکی زۆرچەندین کۆبونەوەیان لەگەڵ یەکتری ئەنجامدا. پاشان لەڕۆژی 2006/2/15 گەیشتنە ڕێکەوتنامەیەك بەناوی

MEMORANDUM OF UNDERSTANDING

وهەردوولا ئیمزایان کردکه شەریکەی سۆمۆ هەم قەرزەکۆنەکان بەئەقسات بداتەوە وە هەمیش حیسابێکی تازەبکاتەوە LCی پێدەڵێن بۆ ئەوەی ئەو (ئێل سی)یە بدەنە شەریکاتی تورکی تا سیقەکە بگەڕێتەوەو عەمەلییەی ناردنی بڕێکی تازە لەنەوت و بەنزین بۆ عێراق دەستپێبکاتەوە.

ڕێکەوتنامەکە چەندخاڵێکی تیدابوو گرنترینیان ئە مانەیە:

1-نزیکەی ئەو(یەك ملیارد) دۆلار قەرزەی کەشەریکاتی تورکی لای شەریکەی (سۆمۆ)ی سەربەوەزارەتی نەوتی عێراقی هەیەتی کرا بە 9 قست و (سۆمۆ) دەبوایە بەنۆجاردەفعی بکات.

2-دەبوایە تەرەفی عێراقی دووقستی یەکەم لە یەکی ئازاری 2006 لەو قەرزە بەیەکجار بداتەوە شەریکاتی تورکی، پاشانیش قستەکانی تر یەك لەدوای یەك بدات.

3- بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستی تازەش سەبارەت بە ناردنی نەوت و بەنزین و موشتەقاتەکانی تر بۆ عێراق، هەردوولا ڕیککەوتن لەسەر ئەوەی تەرەفی عێراقی (ئێل سی) تازە بکاتەوەو شەریکاتی تورکی دڵنیا بکات و (ئیل سی)یەکە بداتە شەریکاتی تورکی بۆئەوەی ناردنی نەوت و بەنزین دەست پێبکاتەوە و سیقە لە نێوانیان دروستببێتەوە.

4- بۆ ئەم مەبەستەش هەردوولا ڕیککەوتنامەیەکیان لە 2006/2/15 ئیمزاکرا. ئێستا ئەوە شەش مانگ تێپەربوو بەسەر ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەکە، کەچی تاکوئێستا تەرەفی عێراقی (شەریکەی سۆمۆ) یەك دۆلاری لەوقەرزانەی کەلەسەریەتی نەداوەتەوە شەریکاتی تورکی وهیچ خالێکیشی لەو ڕێککەوتنامەیە تا ئەمڕۆ جێ بەجێ نەکردووە. بیانووەکەشیان ئەوەیە وەزارەتی دارایی عێراقی هێشتا پارەی بۆمان تەخسیس نەکردووە ؟جاباشە شەریکاتی تورکی چ پەیوەندییەکی بەوەزارەتی دارایی عێراقەوە هەیە ئەوان نەوت و بەنزینیان پێ فرۆشتوین و پارەی خۆیان دەوێت، ئەوەش کێشەی شەریکاتی تورکی نییە، بەڵکو کێشەی نێوان وەزارەتی نەوت و وەزارەتی دارایی عێراقی خۆمانە. خۆیان دەبێت ئەو کێشەیە لە نێوان خۆیاندا چارەسەر بکەن! بۆیەئێستا کۆمپانیا تورکییەکان دەڵێن تاقەرزەکانمان نەدەنەوەو ئیعتیمادی بانقی (ئیل سی) تازەشمان بۆ نەکەنەوە، ئێمەچیتر نەوت و بەنزینتان بۆنانێرین.

بۆیە کێشەکە پەیوەندیی بە جێبەجێنەکردنی وادەو بەڵێنەکانی تەرەفی عێراقییەوەهەیە وپەیوەندی بەسیاسەتی تورکیاوە نییە. ئەوە هۆی بنەڕەتی دروستبوونی ئەوئەزمەیەیەکەوا بۆم باسکردن کە ماوەیەکە لە کوردستان دروستبووە. ئەگەرپەیوەندی بەسیاسەتەوەش هەبێ ڕەنگە لە بەغداوە کەسانێك هەبن بیانەوێ لە ژێرەوە کێشە بۆهەرێمی کوردستان دروست بکەن، چونکە کوردستانەکەی ئێمە

ئارامه! خۆ ئەگەر ئیحتیمالێکی بچوکیش وەربگرین و بلێین گریمان نەناردنی (نەوت و بەنزین) و بەستانەوەی بەدەفع نەکردنی قەرزە کۆنەکان و کردنەوەی ئیل سی تازە و پەیوەندی بە کەسانێکەوە لەناوتورکیا هەیەکە ڕەنگە بەهانە بدۆزنەوەو بیانەوێ ئەزمەی ئابوریی بۆ هەرێمی کوردستان دروستبکەن؟ دەی باشە ئەگەر ئەوگریمانە وایە، تا ئێمە تووشی ئەو ئەزمەیە نەبین خۆمان لەعێراق چیمان کردووە بۆهەرێمی کوردستان! وەزارەتی نەوتی بەغدا چی بۆکردووین؟ بۆ پارەی شەریکات نادات! بۆ ئیعتیمادی تازەی بانقی ناکەینەوە! بۆعێراق وەعد دەداوجێبەجێی ناکات؟ لەبەرئەوە مەسەلەی نەهاتنی نەوت و بەنزین لە تورکیاوە بۆ عێراق، کێشەکە وەزارەتی نەوتی بەغدا دروستیکردووە و تەنها دەفع نەکردنی پارەیە بۆ شەریکاتی تورکی، ئەگەرقەرزەکانیان بدەن نەوت و بەنزین دەگاتە عێراق. هیچ مەبەستێکی سیاسی لەپشتەوە نییە، بەپێچەوانەوە شەریکەی (سۆمۆ)ی عێراقی لێپرسراوە لەدروستبونی ئەو فەوزایەی کە خەریکە ئەمڕۆ لەکوردستانی عێراق تەشەنەدەکات. وێنەیەکی گرێبەستەکەش کەلەنێوان هەردوولا ئیمزاکراوە لای بەندە دەستدەکەوێت. هیوادارم توانیبێتم لەوبارەیەوە ڕاسیتیەکانتان بۆ ڕوونبکەمەوە.

* لە کوردستانی نوێ ژمارە 4051 لاپەرە 7 ڕۆژی 2006/8/20 بڵاوکراوەتەوە.

25

**ماوەیەکە وزەی کارەبا لە عێراق بۆتە کێشەیەکی ڕۆژانە بۆ هاولاتیان، یەکێك لەهۆکانی کەمی تەزووی کارەباش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆئیعتیمادکردنمان تەنها لەسەر سەرچاوەی بەنداو و زێوو ڕوبارەکان و باران بارین. بەلام ئەگەرتەماشای هاوسێکانی خۆمان بکەین، دەبینن ئەوان جگە لەسەرچاوەی ئاوو بەنداوەکانیان، بۆ پەیداکردنی وزەی کارەبا پەنایان بردۆتەبەر جۆرەها سەرچاوەی تریش. لەساڵێنی دوایی (2005 و 2006)، تورکیا (99) نەوەدو نۆ ملیارد kw/h کیلۆوات – سەعات ساڵێنە لەوزەی کارەبا بەرهەم دێنێت. لەو بڕەی کەبەرهەمی دێنێت ساڵێنە (98) نەوەدو هەشت ملیارد کیلۆوات/سەعات لە وزەی کارەبا بۆ پێویستییەکانی خۆی بەکاریدەهێنێت. ژمارەی دانیشتوانەکەشی ئەمڕۆ (72) حەفتاودوو ملیۆن کەسن. تورکیا چۆن وزەی کارەبا بەدەستدێنی؟ سەرچاوەکانی چین؟ ئەوەی ڕاستی بێت کارەبای تورکیا ئێستا لە 40٪ سەدا چلی بەهۆی سیستمی هیدرۆئێلیکترۆنییەوە بەرهەم دەهێنرێت لە سەرچاوەکانی بەنداو و ڕوبارو زێکانیانەوە. هەروەها 37٪سەدا سی و حەوتی لەماددەی (لینید) کەجۆرە مەعدەنێکە بەرهەم دەهێنرێت. هەروەك 20٪ لە دەرەوەی تورکیا دەکڕن وە**

(8) هەشت جۆر ڕێگاش بۆ چۆنییەتی بەدەستهێنانی وزەی کارەبا بەکاردەهێنن کەبریتین لـە سەرچاوەکانی :

1- هیدرۆئێلیکتریك وەکو بەنداو، ئاوی زێو و ڕووبارەکان و باران بارین.

2- تەرمیك سێنترال (فۆسیل).

3- بەهۆی سیستمی گازو تۆربین کە گازەکە دەگۆڕێت بۆکارەبا.

4- کۆمبین سێنترال بەهۆی گەنەراتۆرێکی گازی کە بووخار پەیدادەکات و دەیگۆڕی بۆوزەی کارەبا.

5- ژێ ئۆ تێرمال سێنترال بووخاری ژێرزەوی دەگۆڕی بۆوزەی کارەبا.

6- سەرچاوەی با واتە بەهۆی هێزی باوە وزەی کارەبا پەیدا دەکەن.

7- نووکلیار سەنترال بۆ پەیداکردنی وزەی کارەبا بەکاردەهێنن.

8- سەرچاوەی ڕۆژ، بەهۆی سیستمێکی تایبەتی وزەی ڕۆژ دەگۆردرێت بۆ کارەبا.

لـەبڕی ئەو (99) نۆهەدو نۆ ملیارد کیلۆوات-سەعاتەی کە ساڵێنە بەرهەمی دێنن، ئیستانبول (20) بیست ملیارد کیلۆوات-سەعات بەکاردەهێنێت و ئیزمیر (10) دە ملیارد کیلۆوات-سەعات

**و ئەنكەرەش (6) شەش مليارد كيلۆوات-سەعات وزەی كارەبا ساڵێنە بەكاردەهێنن. هەركيلۆواتێكيش حكومەت بە بڕی (1.58) ليرەی توركی بەهاوڵاتيانی خۆی دەفرۆشێتەوەكە دەكاتە (1.12) دۆلاری ئەمەريكی. پێويستە ئێمەش لێرە بەدواوە بير لەجۆرەها رێگای تربكەينەوە بۆ دابينكردنی وزەی كارەبا.**

* لە کوردستانی نویێ ژمارە 4057 لاپەرە 7 ڕۆژی 2006/8/27 بڵاوکراوەتەوە.

26

**کاتێ لە نەورۆزی ئەمساڵ دەستم بەنوسینی ئەم گۆشەیەکرد. لەگەڵ کاك ئازاد جوندیانی و کاك کاوە موحەمەدی سەرنووسەر ڕێککەوتین، لانیکەم بێ ڕاوەستان و پچڕپچڕی، شەش مانگ لە نوسینی گۆشەکەم بەردەوامبم. شوکور وادەو بەڵێنەکەی خۆمان گەیاندە سەروئەوە شەش مانگە بیست و شەش وتاری جۆراوجۆرم نوسیوە. چەند تیایاندا سەرکەتوبووین یا سەرنەکەوتوو، نامەوێ هەلیسەنگێنم، بەڵکو ئەمەیان دەمینێتەوە بۆ هەلسەنگاندن و لێکدانەوەی خوێنەرانی ئازیزی کوردستانی نوێ و ڕۆشەنبیرانی گەلەکەمان. گرنگ ئەوەیە مرۆڤ ئەوەندەی بۆی دەگونجێ و بۆی دەکرێ بتوانێ هەوڵی خزمەتکردن بدات و کۆڵنەدات. لە داهاتوشدا بەنیازم هەم لەڕوی ناو و ناوەرۆکەوە، هەمیش لەڕوی شێوەو شەکلیاتەوە، گۆڕانێکی جەوهەری و بنەرەتی بەسەردا بهێنم، بەجۆرێك کە نوێبوونەوەیەکی بەرچاو لەهەموو بوارەکاندا بەخۆیەوە ببینێت. دیارە کەلك وەرگرتنیش لەبیرو بۆچونی هەڤاڵانی نوسەرو خوێنەرانی ئازیزی گۆشەکەشمان سودی زیاتردەبێت بۆ گەشەپێدان و دەوڵەمەندکردنی. بۆیە هیوا دارین هەموولایەك لەڕەخنەو پێشنیارو**

بیرو بۆچونی تازە لەڕێگای ئەو ئیمێڵەی خوارەوە ئاگادارمان بکەنەوە بۆ ئەوەی سود لەسەرنج و ڕەخنەو تێبینییەکان وەربگرین و بتوانین خزمەتێکی باشتر بە وشەی ڕەسەنی کوردی بکەین و ڕۆڵی زیاتریش لەخزمەتکردنی کێشە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاکەمان و ڕۆشەن کردنەوەی دوارۆژی گەلەکەمان ببینین. سوپاسیش بۆ تەواوی هەڤاڵانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کە زۆر هاوکارییان کردین. هەروەك بۆ خوێنەرە ئازیزەکانی گۆشەکەشمان. بە هیوای ئەوەی لەگۆشەی تازەماندا هەم بتوانین کورت ترو پوخت تر، هەمیش چڕترو ورد تر بنوسین.

لەمڕۆژانە مشتومڕێکی زۆر لەسەرناردن و نەناردنی هێزی سەربازی ئاشتیپارێز بۆلوبنان هەیە. حکومەتی ئەردۆغان ڕەزامەندی خۆی لەوبارەیەوە ڕاگەیاند. لەگەڵ ئەوەش کە سەرۆك کۆماری تورکیا، پێشتر بیرو ڕای خۆی بەڕەسمی لەدژی ناردنی هێزی سەربازی ڕاگەیاند. ئەوبڕیارەش حکومەت لەو هەفتەیەدا دەیخاتە بەردەمی پەرلەمان و دەیەوێ ڕەزامەندی بۆ وەربگرێت وتێپەڕیکات. چونکە ئیشی بەو بڕیارە هەیە و پێدەچێ ئەمجارە، حکومەتی عەدالەت و تەنمەیەی ئەرۆدغان نەیەوێت هەمان سیاسەت دوبارە بکاتەوە کە لە کاتی دەستپێکردنی شەڕی عیراق پەیڕەویی لێکرد و ڕەزامەندییان نەدا بەتێپەڕبونی هێزە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بە خاکی تورکیا! بەڵام ئەم هەنگاوەی ئەردۆغان ئەمجارە هەم یەکێتی

**ئەوروپا ئاسودە دەكات، هەمیش گەرەكیەتی لەداهاتودا زیاتر وڵاتەكەی خۆی بكاتە خاوەن هەڵوێست و ڕا لە ڕێكخستەنەوە ودارشتنەوەی سیاسەت لەناوچەكەدا. هەروەك لە بەرانبەریشدا ڕەنگە چاوەڕێی هەندێ لە ئیمتیازات ویارمەتی سیاسی و سەربازیش لەوڵاتەیەكگرتوەكانی ئەمەریكاو یەكێتی ئەوروپا بكات. بەتایبەتیش لە چارەسەركردنی كێشەی قوبرسی شیمالی، پەكەكە، كەركوك وكوردستانی عێراق! لەگەڵ ئەوەش كە ئەمەریكا لەمڕۆژانەی دوایی نارەحەتی خۆی لەمەڕ ڕێكەوتنی نێوان توركیاو ئیران دەربڕی، سەبارەت بەناردنی گازی ئیران بەترانزیت بەناو خاكی توركیا بۆ ئەوروپا!**

**بەهرۆز گەلاڵی**

**نوێنەری ی.ن.ك لە ئەنكەرە**

**E-mail:apae39@hotmail. Com**

* لە كوردستانی نوێ ژمارە 4063 لاپەرە 7 ڕۆژی 2006/9/3 بڵاوكراوەتەوە.

# سوپاس و پێزانین

کەسێك نییە، بە تایبەتی لـە کوردستانی عێراق ئەمڕۆ برای بەڕێزمان، کاك قادر عەزیز سکرتێری گشتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە باشی نەناسێ . هەروەك ڕۆل و دەوریشی لـە بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان بەرز هەلّنەسەنگێنێ. ئەوەندەی لـە نزیکەوەش ئێمە شارەزاین، هەم دەربارەی بەڕێزیان وەکو کەسایەتییەکی سیاسی و پێشمەرگەیەکی خاکی و خاوەن هەلّوێست و دۆستێکی نزیکی خۆمان، هەمیش هەلّوێستی بەرزی خۆی و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیش لـە هەموو بوارەکاندا کە هەمیشە بیرو بۆچونێکی نیشتیمانپەروەرانەو کوردستانپەروەرانەیان لـە بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستاندا هەبوە و هەیە. بەشێوەیەکی کە لـەهەر کات و ساتێکی ناخۆشدا پێویست بووبێ و پێویستی کردبێ، کاك قادر عەزیز، هەلّوێستی شۆڕشگێرانەو نیشتمانیانەی خۆیانی ڕاشکاوانە ڕاگەیاندووەو داکۆکی لـەمافی هەژارانی گەلی کوردستان، بەتایبەتیش چەپەکان کردووە. کاك قادر عەزیز بەڕاستی پێویستی بە ناسین و پێناسەی ئێمە نییە. چونکە

هەم خۆیان، هەمیش حزبی زەحمەتکێشان، خاوەنی مێژوویەکی پڕ سەروەری وکەسایەتییەکی سیاسی دیارو لە هەموو بوارەکانی خزمەتکردنی گەلی کوردستان دەوڵەمەندن. ئەوەی دەمینێتەوە لێرەداکە پێویستە دەری ببڕم، سوپاس و پێزانینێکی بێ پایانی خۆمانە بەرانبەر بەو هەڵوێستە جوامێرانەیەی بەڕێزیان و هەڵسەنگاندنیان، دەربارەی ئێمە کەلەنویسنی پێشەکییەکەی ئەو کتێبەدا دەریان بڕیوەو ڕایان گەیاندووە. جگەلەمە ئەو پێشەکییەجوانە و هەڵوێستی بەڕێزیان بەچاوی تەقدیرکردنەوە، لە لایەك نیشانەی دۆستایەتی ونێوانمان هەڵسەنگاندنی کارەکانی ئێمە دەگەیەنێت. هەروەك هاندان و دەست لە پشتدانێکیشە بۆ هەموو ئەوانەی خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی خۆیان بە دڵسۆزی کردووەو دەکەن. بەئەرکی سەرشانی خۆشم زانی کەوا کورتەیەك لە سەر ژیانی کاك قادر عەزیز لەم کتێبەمدا بلاوبکەمەوە. بەم هیوایەی خزمەتێکی بچوك بێ بۆ زیاتر ئاشناکردن ورۆل و دەوری بەڕێزیان بەخوێنەران و ڕۆشەنبیرانی ئازیزی گەلەکەمان.

کاك قادر عزیز محەمەد ئەمین لە پایزی (1954) لە گوندی (سێبیران)ی نزیك هەولێر لە دایکبووە .

لە ساڵێنی 1970–1974 لە یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا کاری کردووە . لە ساڵی 1974 بۆتە پێشمەرگە و دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولیش بە مەبەستی درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان

لەگەڵ ژمارەیەك لە سەرکردە و کادیرەکانی شۆڕش گەڕاونەتەوە عێراق، کە دواتر لە سەرەتای ساڵی 1976 دا بەرابەرایەتی سەیدا ساڵح یوسفی ئەندامێتی: عەلی عەسکەری، دکتۆر خالیدسەعید، سەعدی گچکە، عەلی هەژار، کاردۆ گەلاڵی و کۆمەڵێك سەرکردەی تر ((بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)) یان دامەزراندوە. کەبەداخەوەدوای زۆربەیان شەهیدو لە سێدارەدران.

لە گەڕانەوەیدا بۆ عێراق سەرەتا لە پارێزگای دیوانیە و دواتر لە بەغدا نیشتەجێکراوە.

لە 1976/8/8دا لەسەر بڕیاری بزوتنەوە لەگەڵ ژمارەیەك لە کادیر و سەرکردەکانی بزوتنەوە چۆتەوە شاخ و شان بەشانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بەژداریان لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی تازەدا کردووە.

لە پلینۆمی نیسانی ساڵی 1978ی بزوتنەوەدا بۆ ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە و دواتر ماوەیەکیش نوێنەری بزوتنەوە بووە لە مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا.

لە 1979/8/8 لە دەستەی دامەزرێنەرانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بووە. لە کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیستی کوردستانیشدا لە (1981/5/15) بە ئەندامی سەرکردایەتی و دواتر بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە.

لە مانگی ئابی 1985 بەهۆی چەندین کێشەی فیکری و سیاسی و ڕێکخراوەیی لە حزبی سۆسیالیستدا جیابۆتەوە و لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێکانیدا لە 1985/12/12دا (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)یان دامەزراندوە و بۆتە سکرتێری حزبەکە.

لە ساڵێنی 1988–1993 ئەندامی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بووە.

لە هەڵبژاردنی 1992/5/19دا بۆتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و دواتریش لە یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پۆستی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری وەرگرتوە.

لە کۆنگرەکانی (بیروت، ڤیێنا، صلاح الدین، نیویۆرك، لندن)ی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا بەشداریکردوە.

لە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام و لە فراوانکردنی ئەنجومەنی حوکمدا یەکێك لەو (100) کەسە بووە کە بەشداریان لە دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی کاتیدا کردوە و دواتریش ئەندامی شاندی کوردی بووە لە نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا.

لە 2006/9/15دا وەك نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەڕەسمی ئەرکی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی مادەی (140)ی پێ سپێردراوە.

خێزاندارەو و دوو کوڕ و کچێکی هەیە  بە ناوەکانی، ئەلەند، ئالان، ئارا. لە کۆتایدا دوبارە هیوای سەرکەوتنیان بۆدەخوازین و سوپاسی بەڕێزیان  دەکەین  وزەحمەتیان کێشاوە لەنوسینی پێشەکی کتێبەکەماندا ( لە ئەنکەرەوە ).

بەهرۆز گەلاڵی  نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەنکەرە  1 یەکی  شوباتی 2007  ئەنکەرە.